# له وتاری "کوردانی موکریان"ی "ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی"دا چی وەلانراوە، بۆچی پێش بە بڵاوبوونەوەی گیراوە؟

ئانژیلیکا پۆبێدۆنۆستسیڤا –کایا*
وەرگێڕ: مەنسوور سدقی

**تێبینی وەرگێڕ**

ئەم وتارە لە ڕووی دەقی پی.دی.ئێفی چاپکراو لە گۆڤاری "ئیسلام لە دونیای هاوچەرخ" بڵاوکراوەی ١٦، ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٢٠ وەرگیراوە. ئەو گۆڤارە بە زمانی ڕووسی لە ڕووسیا چاپ دەکرێت و لە وڵاتانی دیکە بڵاو دەبێتەوە[1].

ژێرنووسەکانی وەرگێڕ بە (.- وەرگێڕ) لە ژێدەرەکانی نووسەر جیا کراونەتەوە. هەروەها لەنێو دوو کەوانی ڕاستدا [...] زیادکراوەکانی دیکەی وەرگێڕ ئاماژەیان پێکراوە.

ڕێز و سپاس بۆ مامۆستای بەڕێز کاک ئەنوەر سوڵتانی کە وێنەی لاپەڕە پێویستەکانی کتێبی " فتاحقاضی خلیل. تاریخچەی خانوادەی قاضی در ولایت موکری، ویرستار: قادر فتاح قاضی. چاپ اول، تبریز، ١٣٧٨"ی لەبۆ ژێرنوسەکانی وەرگێڕ ناردووە.

*******

**پوختەی وتار**

لەم وتارەدا، بەپشتبەستن بە شیکاری بەراوردکارانەی دوو وتاری ئێتنۆگرافیایی جیاوازی "ئۆ.ل. ڤیلچێڤسکی" سەبارەت بە کوردانی موکریان، پرسی کاریگەری سیاسەت لەسەر توێژینەوە زانستییەکان تاوتوێ دەکرێت. بنەمای ئەم وتارە دەگەڕێتەوە بۆ ئاکامی پەیجۆرێک لەنێو بەڵگە ئەرشیڤکراوەکان؛ لە ئاکامدا دەرکەوتووە بێجگە لە وتاری "کوردانی موکریان" کە لە ساڵی ١٩٥٨ بڵاو کرابووەوە، دەقێکی "ماشێننووس"[2]ی ئەو وتارە کە ڕێکەوتی ١٩٥٥ لەسەرە، لە ئەرشێڤخانەی بەڵگە زانستییەکانی مۆزەخانەی ئەنترۆپۆلۆژی و ئێتنۆگرافیای ئاکادێمیای زانستیی ڕووسیا پارێزراوە. ئەم وتارە بە پشتبەستن بەو بەڵگە و نووسراوانە ئامادە کراوە کە ڤیلچێڤسکی لە ماوەی کورتی ساڵانی ١٩٤٢-١٩٤٦دا نووسیوێتی، واتە کاتێک وەک شارەزای پرسی کورد لەلایەن دەزگای سەربازی [یەکێتیی سۆڤیەت] بۆ ماوەیەکی نێردراوەتە ناوچەی کوردستانی موکریان. لە بەراوردکاری شیکاریانە و هەڵسەنگاندنی دەقی "ماشێننووسەکە" و دەقی وتارە بڵاوکراوەکەی دەردەکەوێت کە لە وتارە بڵاوکراوەکەیدا بەشێکی نێوەڕۆکی بۆچوونە بابەتیانەکان کە هەڵگری بابەتگەلێکی ناتەبا و داخراوی ئەو سەردەمە بوون، سڕاوەتەوە. واتە پارچە پارچە لە دەقە ڕەسەنەکە قرتێنراون کە باسی هەندێک مژاری هەستیاری پەیوەندیە ئایینییەکانی کوردستانی موکریان (واتە مەهاباد) و دیدارەکانی ڤیلچێڤسکی دەگەڵ سەرکردە و چالاکانی کوردی کردووە. لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەکەدا، نووسەر هەوڵی داوە لە پەیوەندی دەگەڵ بەشداربوونی ڤیلچێڤسکی وەک ئەفسەرێکی

---

* یاریدەدەر و بەرێزی زانستە مێژووییەکان لە فاکەلتەی ڕۆژهەڵاتیی زانکۆی میری سانکت-پیتەربورگ.- وەرگێڕ.

[1] Pobedonostseva-Kaya A.O. «The Mukri Kurds» by O.L. Vilchevsky: what and why has been deleted before publication? (Russian) // Islam in the modern world. 2020. Vol. 16. No 4. P. 99-116. DOI: 10.22311/2074-1529-2020-16-4-99-116

[2] مەبەست دەقێکی کە بە "کەرەستەی نووسین" (Typewriter) نووسراوە.- وەرگێڕ.

سۆڤیەتی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیەت لە ساڵانی ١٩٤٢-١٩٥٤ لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا، کێشەی بڵاوکردنەوەی وتارەکەی شی بکاتەوە. بێگومان نووسەری "کوردانی موکریان" بە ڕوانگەیەکی بابەتیانە و زانستی کاری خۆی کردووە، بەڵام پڕینی بەشێکی بەرچاوی دەقی نووسراوەکەی- جا چ لەلایەنی خۆیەوە بووبێت و چ لەلایەن کەسانی بەرپرسی دیکەوە، دیارە هۆکارگەلی بەرژەوەندیخوازانەی سیاسی لەپشت بووە. لێرەدایە کە دەبێت پرسی چەمکی سوبژێکتیڤیتی و سەربەخۆیی زانای خزمەتکاری دەسەڵات بورووژێنین. پرسێک کە لە کارە ناسراوەکانی "ئێدوارد سەعید"دا سەبارەت بە پەیوەندی نێوان سیاسەت و زانست لە بواری توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا زەق کراوەتەوە.

*******

دەیان ساڵە کێشەی کاریگەریی وابەستەبوونی سیاسی زانایان لە توێژینەوە و چالاکییە زانستییەکانیاندا و دەرەنجامەکانی لەسەر لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ئارا دایە (بۆ نموونە بەهۆی پاشکۆبوونیان بە پێکهاتە سیاسییەکانی دەوڵەتەوە). دوای بڵاوبوونەوەی بەرهەمە ناسراوەکەی ئی.سەعید بە ناوی "ڕۆژهەڵاتناسی"[1]، مشتومڕێکی زۆر سەری هەڵدا و ڕەنگدانەوەیەکی بەرفراوانی لە توێژینەوە پۆست کۆلۆنیالیستییەکان لێکەوتەوە. لە بەرامبەردا "ڕ. ئیروین" بەپێچەوانە، ئاماژەی بەوە کردووە کە بۆ گەیشتن بە ئاستێکی بەرز لە توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتناسیدا، وابەستەبوون ڕێگری لە توێژەرانی ڕۆژاوایی نەکردووە (لە خۆیشی کە لایەنگری ئیسرائیلە)[2].

ئەم وتارە بەگوێرەی کۆڵینەوە لە یەکێک لە بەرهەمە گرنگەکانی کوردناسی بەناوبانگی سۆڤیەتی، "ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی" سەبارەت بە کوردانی موکریان هەوڵێکە بۆ درێژەدان بەو باسەی سەرەوە. بەسەرهاتی ئەو کۆڵینەوە کە پرسی تێکهەڵچوونی بنەما زانستییەکانی توێژینەوە دەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا و دەسەڵاتی سۆڤیەتی زەق کردووەتەوە، تا ڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی چارەنووسی خودی نووسەرەکەشێتی.

تەواوی ژیانی "ئالێگ لیۆدڤیگۆڤیچ ڤیلچێڤسکی" (١٩٠٢-١٩٦٤)، کوردناسی دیاری سۆڤیەتی تێکەڵاوێک بووە لە توێژینەوەی زانستی و خزمەتکردن بە بەرژەوەندییەکانی یەکێتیی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی نزیک، بەتایبەت لە بواری سەربازیدا. نووسەر هەر لە ناخییەوە هەوڵی بۆ سازان لەنێوان ئەو دوو پیشەیەدا داوە.

ڤیلچێڤسکی لە ١٠ی مایسی ساڵی ١٩٠٢ (٢٧ ئەپریل بە ساڵژمێری کۆن)، لە ماڵباتی ئەفسەرێکی هێزی دەریایی لە دایک بووە. باوکی داواکاری گشتی لە دادگای هێزی دەریایی بەندەری "کرۆنشتات" بووە. لە ساڵانی ١٩٢١-١٩٢٤ لە پەیمانگای زمانە زیندووەکانی ڕۆژهەڵاتیدا خوێندکار بووە. پاش دەرکەوتنی حەز و لێهاتوویی بۆ فێربوونی زمانی کوردی، بە پێشنیازی ئەکادیمی "ن. یا. مار" چەندین جار بۆ توێژینەوە لە کوردەکان و زمانەکەیان دەگەڵ لیژنەی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسیی لێنینگراد، نێردراوەتە ئەرمەنستان.

لە ساڵانی ١٩٢٧-١٩٢٩ لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسیی لێنینگراد بەشدار بووە لە ئامادەکردنی دەستەی مامۆستایانی کورد و مامۆستای وانەبێژی زمانەکانی ڕووسی و

1 Said E. W. Orientalism. New York. Pantheon Books Publication, 1978. 368 p.

2 Irwin R. For Lust of Knowing: The Orientalists and their Enemies. London: Allen Lane, 2006. 416 p.

کوردی. لە ساڵانی ١٩٣٠-١٩٣٢دا، وەک خوێندکاری یاریدەدەری "ن. یا. مار" و پاش تەواوکردنی لە ساڵی ١٩٣٢دا بووەتە کارمەندی زانستیی "پەیمانگای زمان و بیرکردنەوە" سەر بە ئاکادێمیای زانستیی یەکێتیی سۆڤیەت و لە ساڵی ١٩٣٢ەوە مامۆستای مێژوو، زمان و وێژەی کوردی لە زانکۆی میری لێنینگراد بووە و پەروەردەکردنی خوێندکارانی بەشی کوردناسیی لە ئەستۆ بووە. بواری سەرەکی چالاکییە زانستییەکانی ڤیلچێڤسکی بریتی بووە لە کۆڵینەوە لە زمانی کوردی و فێرکردن و پەروەردەکردنی خوێندکارە کوردەکانی یەکێتیی سۆڤیەت. هەر لەو ماوەیەدا سێ گەشتی زمانناسیی بۆ ناوچە کوردنشینەکانی یەکێتیی سۆڤیەت (ئازەربایجان، ئەرمەنستان، گورجستان و تورکمەنستان) کردووە[1].

لە ٢٤ی جوونی ساڵی ١٩٤١دا، بۆ ڤیلچێڤسکی و کارمەندە خۆبەخشەکانی دیکەی "پەیمانگای زمان و بیرکردنەوە" شەڕی مەزنی نیشتمانی دەست پێ دەکات[2]. سەرەتا بۆ پەروەردە و ڕاهێنانی سەگ لە لێهاتوویی ڤیلچێڤسکی کەلک وەرگیراوە[3]، بەڵام پاش شۆڕبوونەوەی هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیەت لە ٢٦ی جەنیوەری ساڵی ١٩٤٢ بۆ نێو خاکی ئێران، ڤیلچێڤسکی وەک یەکێک لە زانایانی پرسی کورد، ئەرکی وەرگێڕی[4] لە بەرەی کافکاز پێ سپێردراوە.

ڤیلچێڤسکی گوایە لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٤ەوە (بەپێی زانیاری دیکە، لە مانگی مایسی ١٩٤٢ەوە) تاکوو یەکی جولای ١٩٥٤ وەک ڕاوێژکار و نووسەر لە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "اخگر"[5] بە زمانی فارسی کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی سیاسیی سوپا لە بەرەی کافکاز[6] دەرچووە، کاری کردووە. لەو ماوەیەدا ڤیلچێڤسکی خەریکی کۆڵینەوە لە بارودۆخی سیاسی و ئابووریی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و نێوەڕاست بووە و گەلێک وتاری سەبارەت بە پێکهاتەی دەوڵەتەکان، ئاپۆرەی دانیشتوانی و پرسە تایبەتەکانی دەوڵەتانی ئەو ناوچەیە لە چاپەمەنییە نهێنییەکاندا بڵاو کردووەتەوە.

---

1 Вильчевский О. Л. Стенограмма защиты диссертации «Езидские тексты», 1938 // СПбФ АРАН. Ф. 77. Оп. 2. Д. 5 Л. 44–44 об.

[ڤیلچێڤسکی ئۆ. ل. پوختەی نامەی دکتۆرا "دەقەکانی ئێزدی"، ١٩٣٨// ئەرشیڤی ئاکادێمیای زانستیی یەکێتیی سۆڤیەت لقی سانکت-پیتەربورگ، خەزێنەی ٧٧، لیستەی ٢، دۆسیەی ٥، ل. ٤٤- ل. ڕووبەڕووی ٤٤].

2 Вильчевский О. Л. Личное дело, 1932–1941// СПбФ АРАН Ф. 77. Оп. 5. Д. 318 Л. 49.

[ڤیلچێڤسکی ئۆ. ل. دۆسیەی تاکەکەسی، ١٩٣٢-١٩٤١// ئەرشیڤخانەی ئاکادێمیای زانستیی یەکێتیی سۆڤیەت لقی سانکت-پیتەربورگ، خەزێنەی ٧٧، لیستەی ٥، دۆسیەی ٣١٨، ل. ٤٩].

3 لە بەرەی لێنینگراد بەرپرسی یەکەی شەشەمی ڕاهێنانی سەگ بووە. پروانە خشتەی هێزە بەرگریکارەکانی لێنینگراد، ئادێسا، سیڤاستۆپۆل و ستالینگراد لە هۆبەی کارمەندانی سیاسیی بەڕێوەبەرایەتی بەرەی کافکاز// ئەرشیڤی نێوەندی وەزارەتی بەرگری، خەزێنەی ٤٧، لیستەی ٩٩٥، دۆسیەی ٣١٢، ل. ١٥.

4 بەپێی فەرمانی ژمارە ٢٦ بە ڕێکەوتی ١٩٤٢/٠١/٢٦// ئەرشیڤی نێوەندیی وەزارەتی بەرگری ڕووسیا، خەزێنەی ٨٣١٢، لیستەی ٣٠١٩٦٢، دۆسیەی ٣٨، ڕووپەلی ٢٤١.

5 ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی "اخگر" لە یەکەم ڕۆژی چوونی هێزەکانی یەکێتییی سۆڤیەت بۆ نێو خاکی ئێران لەنێو خەڵکی ئێراندا بڵاو بووەتەوە// سەرچاوەی ئەو ئاماژەیە: کریکوونۆڤ ئا. پروپاگەندەی تایبەتی سۆڤیەت لە ئێران چۆن بووە// نێوەندی شیکاری مەترسییەکانی تیرۆر، ٢٠١٢/٠٧/١٦ (سەرچاوەی سەرهێڵ، ڕێکەوتی سەردانی ٢٠٢٠/١١/٠٧: https://www.catu.su/analytics/330-sovetckaya-

6 پێشکەشکردنی خەڵات بە ڕێکەوتی ١٩٤٤/١٠/٠٢ ئەرشیڤی وەزارەتی بەرگری ڕووسیا، خەزێنەی ٤٧، لیستەی ٩٩٥، دۆسیەی ٣١٩، ڕووپەلی ٢.

ڤیلچێڤسکی زۆر خۆی بە توێژینەوە لە دانیشتوانی کوردی وڵاتانی دەرەوە [دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیەت] خەریک کردووە و لەم بارەوە کۆمەڵێک بابەتی نووسیوە[1].
لە ٢٥ی جولای تاکوو ١٨ی ئوتی ساڵی ١٩٤٢ کاپتن "ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی" لە ئێران خزمەتی کردووە و لەو ماوەیەدا توانیوێتی سەردانی گەلێک ناوچە لە ئازەربایجانی ئێران بکات (لەوانە: تەورێز، شەرەفخانە، رەزاییە، شنۆ، نەغەدە، مەهاباد و هتد.) و لەسەر پێکهاتە نەتەوەییە جۆراوجۆرەکانی ئازەربایجان کاری کردووە. لە ئاکامدا بۆ یەکەم جار لێکدانەوەکانی سەبارەت بە ژیانی سیاسی و هەڵسوکەوتی دانیشتوانی ئازەربایجانی ئێران لە "ڕاپۆرتی گەشتی ئێران"[2] بڵاو بووەتەوە.
سەبارەت هەلومەرجی ناوچەکە و بارودۆخی سەربازی و سیاسیی ناوچە کوردییەکانی ڕۆژاوای ئازەربایجان، گەلێک بابەتی سیاسی، ئابووری نووسیوە کە بریتین لە ڕاپۆرتی تێروتەسەل سەبارەت بە هۆزەکانی ناوچەکە و پەیوەندییەکانی نێوان ئەو هۆزانە و سەرکردەکانیان، سەبارەت بە تایبەتمەندنییەکانی پێکهاتەی چینایەتی دانیشتوانی و بەرژەوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان، سەبارەت بە وێژە و چاپەمەنییەکانیان، سەبارەت بە هەڵسوکەوتی ئازەربایجانییەکان[3]، کوردەکان[4]، قەرەپەپاخەکان[5]، ئەرمەنەکان[6]، ئاسوورییەکان و یەهوودییەکانی ناوچەکە. بەهۆی لاوازی زانیارییەکانی ئەو ناوچەیە، بەتایبەت ناوچەکانی باشوور، واتە ناوچەی مەهاباد یان کوردستانی موکریان گەلێک زانیاریی جوگرافیایی و مێژوویی کۆ کردووەتەوە. ڤیلچێڤسکی لە ڕاپۆرتێکیدا دەڵێت: "بۆ لێکۆڵینەوەی سەربازی-سیاسیی ئێران و

1 Вильчевский О. Л. Личное дело, 1954 // Научный архив Музея антропологии и этнографии им. Петра Великого (Кунсткамера) РАН (НА МАЭ РАН). Ф. К-1. Оп. 7. Д. 76. Л. 14.

[ڤیلچێڤسکی ئۆ. ل. دۆسیەی تاکەکەسی، ١٩٥٤// ئەرشیڤی زانستیی مۆزەخانەی ئەنترۆپۆلۆژی و ئێتنۆگرافیای پێتری مەزن (هۆدەی هونەر) سەر بە ئاکادێمیای زانستیی ڕووسیا. خەزێنەی k-1، لیستەی ٧، دۆسیەی ٧٦، ڕووپەلی ١٤].

2 Вильчевский О. Л. Рапорт о поездке в Иран, 1942 // НА МАЭ РАН. Фонд О. Л. Вильчевского (Ф. 17). Оп. 1. Д. 95. Л. 1–28.

[ڤیلچێڤسکی ئۆ. ل. ڕاپۆرتی گەشتی ئێران لە ساڵی ١٩٤٢// ئەرشیڤی زانستیی مۆزەخانەی ئەنترۆپۆلۆژی و ئێتنۆگرافیای ئاکادێمیای زانستیی ڕووسیا].

3 ڤیلچێڤسکی جەختی لەوە کردووەتەوە ئازەربایجانییەکان کە زۆربەی دانیشتوانی ئازەربایجانیان پێک هێناوە بەهەستی دوژمنایەتی دەڕوانە یەکێتیی سۆڤیەت. پروانە: ڤیلچێڤسکی ئۆ. ل. ڕاپۆرتی گەشتی ئێران لە ساڵی ١٩٤٢، ل. ٢.

4 بەپێی پێناسەی نەتەوایەتی، کوردەکان لە ڕیزی دووەمی دانیشتوانی ئازەربایجانی ئێران دەژمێردرێن. لە لایەکەوە کوردەکان هێزێکی تا ڕادەیەک کاریگەرییان لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا هەیە و لە لایەکی دیکەوە بەهۆی ناکۆکییە نێو بە نێوەکانی سەرکردەکانییان دەگەڵ یەکتر، ئەو هێز پارچە پارچە بووە. پروانە: ڤیلچێڤسکی ئۆ. ل. ڕاپۆرتی گەشتی ئێران لە ساڵی ١٩٤٢، ل. ٤.

5 قەرەپەپاخ ئەو تورکە کۆچەرە نیشتەجێبووانەن کە لە ناوچەی سڵدووز جێگیر بوون و ژمارەیان تا سێ هەزار بنەماڵە خەملێندراوە. پروانە: ڤیلچێڤسکی ئۆ. ل. ڕاپۆرتی گەشتی ئێران لە ساڵی ١٩٤٢، ل. ٧.

6 ژمارەی دانیشتوانی ئەرمەنی لە ئازەربایجانی ئێران کەمن، بەڵام کاریگەری سیاسیی و کولتووری بەرچاویان هەیە. ڤیلچێڤسکی جەختی لەوە کردووەتەوە کە ئەرمەنییە دەوڵەمەندەکان وەک ئازەربایجانییەکان زۆر بە نەرێنی دەڕوانە یەکێتیی سۆڤیەت، بەڵام جووتیاران و کاسبکارانی ئەرمەنی لایەنگری خۆیان لە یەکێتیی سۆڤیەت ناشارنەوە و تەنانەت بوونی خۆیانیان بەوان گرێداوە. پروانە: ڤیلچێڤسکی ئۆ. ل. ڕاپۆرتی گەشتی ئێران لە ساڵی ١٩٤٢، ل.ل. ٢٠-٢١.

بەتایبەت پارێزگاکانی باکووری ئەو وڵاتە، بەڕاستی بوونی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێراندا دەرفەتێکی فرە ناوازەیە کە ڕەنگە هەم ئەوەندە درێژخایەن نەبێت و هەم دووپات نەبێتەوە"[1]. واتە "لەو ماوە کورتەی کە لە شارەکانی ڕەزاییە و مەهاباد بووم، توانیم دەستم بە ٢٠ بەرگ کتێب و گۆڤاری تازە دەرچووی کوردی بگات کە بەشێکیان خێرا لە عێراقەوە تایبەتی بۆ ئێمە نێردراون"[2].

بەگوێرەی دۆسیەکەی دەردەکەوێت کە ڤیلچێڤسکی لە ساڵانی ١٩٤٢ تا ١٩٤٦ لە ئێران (لە تاران، قەزوێن و تەورێز) بووە. "بەگشتی یەک ساڵ و شەش مانگ" ١٣ جار بۆ ماوەی کورت سەردانی ناوچەکانی جێگیربوونی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێرانی کردووە[3] و لە ساڵانی ١٩٤١-١٩٤٣دا لە شەڕەکانی لێنیگراد و کافکازدا بەشدار بووە[4].

ڤیلچێڤسکی لە ماوەی کار و خزمەتیدا گەلێک شیکاری و لێکدانەوەی بۆ پرسە بەربڵاوەکان، بەتایبەت سەبارەت بە چاپەمەنییەکانی تاران و کاروباری مەجلیس کردووە. لە ماوەی مانەوەی هێزەکانی سوپای یەکێتیی سۆڤیەت لە ئێراندا، ئەزموونی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەی تایبەت بە هێرشە سەربازییەکان و چالاکی ڕێکخراوە سیاسییەکان لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا، هەروەها سەبارەت بە دانیشتوان، پێکهاتەی دەسەڵات و سیستەمی دابەشکاری کارگێڕیی ئێران و هتد. ئاکامی ئەو کارانەی لە ساڵی ١٩٤٤دا لە نامیلکەیەکدا بە ناوی "کوردانی باکووری ڕۆژاوای ئێران" نووسیوە کە تەنیا ٥٠ دانەی چاپ کراوە[5]. لەو نامیلکەیەدا پوختەیەک لە زانیارییە گرنگ و سەرەتاییەکانی ڕاپۆرتەکەی ساڵی ١٩٤٢ی تێدایە کە زانیاری سەربازی و سیاسیی سەبارەت بە کوردانی باکووری ڕۆژاوای ئێران و لەوانەش، سەبارەت بە کوردانی موکریانی لەخۆی گرتووە. ڤیلچێڤسکی ئەو زانیارییانەی لە ماوەی مانەوەی لە ئێراندا، پشکنیوە و هەندێکیشیانی بۆخۆی تەواو کردووە[6]. دواتر کاتێک ئەو نامیلکەیە ئیتر نایاب بووە و زانیارییەکان جێگەی سەرنج بوون و تەنیا یەک بەرگی لای ڤیلچێڤسکی مابووە، لە نامەیەکدا بۆ "پپاتێخین ئی.ئی"[7]، ڤیلچێڤسکی دەڵێت: "هاوڕێ ت.ئاریستۆڤم ئاگادار

---

1 ڤیلچێڤسکی ئۆ. ل. ڕاپۆرتی گەشتی ئێران لە ساڵی ١٩٤٢، ل. ٢٥.

2 هەمان، ل. ٢٦.

3 ڤیلچێڤسکی ئۆ. ل. دۆسیەی تاکەکەسی، ١٩٥٤// ئەرشیڤی زانستیی مۆزەخانەی ئەنترۆپۆلۆژی و ئێتنۆگرافیای ئاکادێمیای زانستیی ڕووسیا. خەزێنەی k-1، لیستەی ٧، دۆسیەی ١٦، پشتەوەی لاپەڕەی ٧.

4 هەمان، ل. ٨.

5 Вильчевский О. Л. Курды Северо- Западного Ирана. VII отдел Политического управления Закавказского фронта. Для служебного пользования. Экз. № 39. Тбилиси, 1944. 85 с.

[ڤیلچێڤسکی ئۆ.ل. کوردانی باکووری ڕۆژاوای ئێران، لقی حەوتەمی بەڕێوەبەرایەتی بەرەی کافکاز. تایبەتە بۆ بەکارهێنانی کارگێڕی، دەقی ژمارە ٣٩، تفلیس، ١٩٤٤، ٨٥ لاپەڕە].

6 Вильчевский О. Л. Письмо Потехину И. И., д-ру. ист. наук, зам. директора Института этнографии, 1956 // НА МАЭ РАН. Ф. 17. Оп. 1. Д. 109. Л. 1.

[ڤیلچێڤسکی ئۆ.ل. نامە بۆ پاتێخین ئی.ئی، دکتۆری زانستە مێژووییەکان، جێگری بەرپرسی پەیمانگای ئەنترۆپۆلۆژی، ١٩٥٦// ئەرشیڤی زانستیی مۆزەخانەی ئەنترۆپۆلۆژی و ئێتنۆگرافیای ئاکادێمیای زانستیی ڕووسیا. خەزێنەی ١٧، لیستەی ١، دۆسیەی ١٠٩، ل. ١.].

7 ئیڤان ئیزۆسیمۆڤیچ پاتێخین (١٩٠٣-١٩٦٤)، زانای سۆڤیەتی ئەفریکاناس، دکتۆری زانستە مێژووییەکان، لە ساڵی ١٩٤٩ەوە جێگری بەرپرسی پەیمانگای ئەنترۆپۆلۆژی، لە ساڵی ١٩٥٩ەوە، یەکەم بەرپرسی پەیمانگای ئەفریکا سەر بە ئاکادێمیای زانستیی ڕووسیا.

کردووەتەوە کە لە زۆر شوێنی وتارەکەی خۆیدا سەبارەت بە کوردانی ئێران بە بەربڵاویی کەلکی لە نامیلکەکەی من وەرگرتووە، هەڵبەت "ئا. ئی. پێرشیتس" خێرا بەزارەکی ... پێی ڕاگەیاندووە کە ئاماژەکان بەو نامیلکەیە لا بەرێت، چونکە ئەو نامیلکەیە بۆ بڵاوبوونەوەی گشتی چاپ نەکراوە". تەنانەت خودی ڤیلچێڤسکی لە نووسراوەکانی دیکەیدا ئاماژەی بە زانیارییەکانی ئەو نامیلکەیەی نەکردووە، چونکە نامیلکەکە دەستنووسێک بووە و لەسەری جەخت کراوەتە "تایبەتە بۆ بەکارهێنانی کارگێڕی"[1].

لە ساڵی ١٩٥٤دا دوای هەڵوەشاندنەوەی خزمەتی گشتی لە سوپا، ڤیلچێڤسکی لە پەیمانگای ئێتنۆگرافیای ئاکادێمیای زانستیی یەکێتیی سۆڤیەت درێژەی بە کارەکانی داوە. یەک ساڵ دواتر وتارە ماشێننووسەکەی بەناو "کوردانی موکریان"[2] تەواو کردووە کە هەم لەسەر بنەمای بینراوە و شیکارییە نێردراوەکانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی سیاسیی سوپا و هەم بە پشتبەستن بە تێبینی و بیرەوەرییە ڕۆژانەکانی بوو کە لە ماوەی سەردانی ناوچەکەدا نووسیبووی.

لە ساڵی ١٩٥٨دا، بەشێکی دەقە ماشێننووسەکەی بەناوی "کوردەکانی موکریان"[3] لە کۆوتارێکی ئێتنۆگرافیایی سەبارەت بە ڕۆژاوای ئاسیادا، چاپ کرا، بەڵام بەشێکی زۆری چاوپۆشی لێ کراوە. ڤیلچێڤسکی لە پێشەکی هەر دوو دەقەکەدا دەڵێت: "ئەو وتارە ئێتنۆگرافیاییەی بەر دەستتان سەبارەت بە کوردستانی موکریانە و لەسەر بنەمای بینراوەکانی نووسەر لە ماوەی ساڵانی ١٩٤٢-١٩٤٦ و لە کاتی سەردانە کورتەکەی بۆ ئەو ناوچەیە نووسراوە و بە زانیاریی کوردەکانی ناوچەکە و بەتایبەت لێدوانی چالاکانی

---

1 Вильчевский О. Л. Письмо Потехину И. И. Л. 1–2.

[ڤیلچێڤسکی ئۆ. ل. نامە بۆ "پاتێخین ئی. ئی"، ل.ل. ١-٢.]

2 Вильчевский О. Л. Мукринский Курдистан. Этнографический очерк, 1955 // НА МАЭ РАН. Ф. 17. Оп. 1. Д. 7. Л. 1–223.

[ڤیلچێڤسکی ئۆ.ل. کوردستانی موکریان. وتاری ئێتنۆگرافیایی، ١٩٥٥// ئەرشیڤی زانستیی مۆزەخانەی ئەنترۆپۆلۆژی و ئێتنۆگرافیای ئاکادێمیای زانستیی ڕووسیا. خەزێنەی ١٧، لیستەی ١، دۆسیەی ٧، ل.ل. ١-٢٢٣].

3 Вильчевский О. Л. Мукринские курды (Этнографический очерк) //Переднеазиатский этнографический сборник: Труды Института этнографии им. Н. Н. Миклухо- Маклая / [отв. ред.О. Л. Вильчевский и А. И. Першиц]. Т. 39. М.: Изд-во АН СССР, 1958. С. 180–222.

[ڤیلچێڤسکی ئۆ.ل. کوردانی موکریان (وتاری ئێتنۆگرافیایی)//کۆوتاری ئێتنۆگرافیایی ڕۆژاوای ئاسیا: بەرهەمی پەیمانگای ئێتنۆگرافیا بەناوی ن.ن. میکلەخۆ-ماکلایا/ نفیسیارانی بەرپرس: ئۆ.ل. ڤیلچێڤسکی، ئا.ئی. پێرشیتس. بەرگی ٣٩، مۆسکۆ، وەشانخانەی ئاکادێمیای زانستیی یەکێتییی سۆڤیەت ١٩٥٨، ل.ل. ١٨٠-٢٢٢].

بزووتنەوەی دیموکراتیکی کورد، کۆچکردووان[1] قازی محەممەد[2] و براکەی، سەدری قازی بەرفراوانتر کراوە"[3].

دیارە ئەو بەرهەمە لەسەر بنەمای کۆڵینەوەیەکی بەرفراوانی مەیدانی و گفتوگۆ دەگەڵ ڕووناکبیران و پیاوە ئایینییەکان و سەرۆکهۆزەکانی کورد پێک هاتبوو، بەڵام بەکردەوە دەقی ماشێننووسراوی وتارەکە بەدڵی پشکنەرەکان نەبووە. چونکە ئاماژە بەو دەقە لە لیستەی ئەرشیڤی کارگێڕیدا نابینرێت. تاقە کەسێک کە توانیوێتی تا رادەیەک زانیاری لە مەخزەنی [ئەرشیڤی] کارەکانی ڤیلچێڤسکی هەڵێنجێت، کوردناس "ئۆ.ئی. ژیگالینا" بووە کە لە مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٨١[4]دا سەردانی ئەو مەخزەنەی کردووە و هەندێک لەو زانیاریانە لە وتارەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە لە کۆڵینەوەیەکیدا بە ناوی "بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران (١٩١٨-١٩٤٧)"[5] و لە وتارێکدا بەبۆنەی ٨٠مین ساڵی لەدایکبوونی "ئۆ. ڤیلچێڤسکی ١٩٠٢-١٩٤٦"[6].

"ئۆ. ژیگالینا" جەختی لە بەنرخبوونی کارەکانی "ئۆ. ڤیلچێڤسکی" کردووەتەوە، باسی دەقە ماشێننووسەکەی بەناوی "کوردستانی موکریان"[7] و مانەوەی لە مەهاباد دەکات و دەڵێت ئۆ. ڤیلچێڤسکی: "گەلێک بابەت و ... سەبارەت بە خۆبژێویی گوندەکانی کوردستانی موکریان"ی[8] کۆ کردووەتەوە و باسی بەسەرهاتەکانی "ماوەی مانەوەی لە

---

[1] دیار نییە بۆ چی ڤیلچێڤسکی بە "کۆچکردوو" ئاماژەی بە قازی محەممەد و سەدری قازی کردووە و ڕاستییەکی ئاشکرای مێژوویی لەبەر چاو نەگرتووە، هەڵبەت ئەو ڕەخنە زانستییە، نووسەری ئەو وتارەش دەگرێتەوە کە ئاماژەی بەم چاوپۆشییەی ڤیلچێڤسکی و هۆکارەکەی نەکردووە. "ئانژیلیکا پۆیێدۆنۆستسیڤا-کایا" لە وڵامی ئەو ڕەخنەیەدا، لە پەیامێک بە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/٢٣دا بۆ وەرگێر، دەڵێت: "ڕەنگە ڤیلچێڤسکی بۆ ئەوەی کێشە بۆ بلاوبوونەوەی دەقەکەی ساز نەکات" ئەو ڕاستییە مێژووییەی نەدرکاندووە.- وەرگێر.

2 قازی محەممەد (ساڵی لەدایکبوونی ڕوون نییە لە نێوان /١٨٩٣ تا ١٩٠٠/- ١٩٤٧) سیاسەتوانی کورد و سەرۆکی کۆماری دیموکراتیکی کورد، ناسراو بە کۆماری خودموختاری کورد، یان کۆماری مەهاباد (١٩٤٦/٠١/٢٢ - ١٩٤٦/١٢/١٦).

3 Вильчевский О. Л. Мукринские курды (Этнографический очерк). С. 183.

[ئۆ.ل. ڤیلچێڤسکی. کوردانی موکریان (وتاری ئێتنۆگرافیایی). ل. ١٨٣].

4 Вильчевский О. Л. О курдском национальном движении: статья. 1950–1954 // НА МАЭ РАН. Ф. 17. Оп. 1. Д. 6 (Лист использования документа).

[ئۆ.ل. ڤیلچێڤسکی. سەبارەت بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد (وتار) ١٩٥٠-١٩٥٤// ئەرشیڤی زانستیی مۆزەخانەی ئەنترۆپۆلۆژی و ئێتنۆگرافیای ئاکادێمیای زانستیی ڕووسیا. خەزێنەی ١٧، لیستەی ١، دۆسیەی ٦ (خشتەی بەکارهێنەرانی بەڵگەنامەکە)].

5 Жигалина О. И. Национальное движение курдов в Иране (1918–1947 гг.). М.: Наука, 1988. С. 162–163.

[ژیگالینا ئۆ.ئی. بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران (١٩١٨-١٩٤٧)، مۆسکۆ، ١٩٨٨، ل.ل. ١٦٢-١٦٣].

6 Жигалина О. И. Олег Людвигович Вильчевский и курдоведение // Иран: история и современность: сб. ст. / Акад. наук СССР, Ин-т востоковедения [отв. ред. Н. А. Кузнецова]. М.: Наука: Гл. ред. вост. лит., 1983. С. 42–46.

[ژیگالینا ئۆ.ئی. ئۆلێگ لیۆدڤیگۆڤیچ ڤیلچێڤسکی و کوردناسی// ئێران: مێژوو و مۆدێرنیتە: کۆوتار/ ئاکادێمیای زانستیی یەکێتیی سۆڤیەت، پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسیی (نڤیسیاری بەرپرس، ن.ئا. کووزنیتسۆڤ)، مۆسکۆ. وەشانی "نائۆکا"، بەرهەمی سەرەکی وێژەی ڕۆژهەڵاتی. ١٩٨٣، ل.ل. ٤٢-٤٦].

[7] ناوی دەقە ماشێننووسەکە "کوردستانی موکریان" بووە، بەڵام لە دەقە چاپکراوەکەدا کراوە بە "کوردانی موکریان".- وەرگێر.

8 Жигалина О. И. Олег Людвигович Вильчевский и курдоведение. С. 53.

[ژیگالینا ئۆ. ئۆلێگ لیۆدڤیچ ڤیلچێڤسکی و کوردناسی. ل. ٥٣].

کوردستانی ئێراندا پاش کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی دەکات" و دەڵێت "لە ماوەی خزمەتی لە چوارچێوەی یەکەکانی سوپای سۆڤیەتدا توانیوێتی کۆڵینەوە لە بارودۆخی پرسی کورد لەو سەردەمدا بکات"[1].

توێژینەوەی بەراوردکارانەی دەقە ماشێننووسەکە دەگەڵ وتارە چاپکراوەکە هەر بە قەبارەشەوە پیشانی دەدات کە بەشێکی فرە گرنگی بابەتەکان لە وتارەچاپکراوەکەدا ئاماژەی پێ نەکراوە. دەقە ماشێننووسەکە بریتییە لە ٢٢٣ ڕووپەل، بەڵام وتارە چاپکراوەکە تەنیا ٤٧ لاپەڕەیە. سەبارەت بە وتارەچاپکراوەکە، "ئۆ ڤیلچێڤسکی" بۆخۆی دەڵێت، دەبا لە هەندێک شوێندا چاوپۆشی لە لێکدانەوە قووڵەکانی تەوەرەکان بکەمەوە[2]، تاکوو ڕێژەی دەربرینە ناتەباکان دەگەڵ یەکتر کەمتر بێتەوە. هەڵسەنگاندنی ئەو دوو دەقە پیشانی دەدات کە گۆڕانکاری لە بابەتی دەقەکەدا بەهیچ شێوەیەک وەلانانی ناتەباییەکان و یان باشترکردنی شێواز و پێکهاتەی دەربرینەکان نەبووە.

کە وا بوو، وەشانی کۆتاوتارەکە بەشێکی زۆری دەقە ڕەسەنەکەی لە خۆ نەگرتووە کە بریتی لە کۆمەڵێک بابەتی داخراوی ئەو سەردەمە بوون. واتە وتارە چاپکراوەکە سانسۆری بابەتیانەی بۆ کراوە.

یەکەم باسی [لابراو] بریتییە لە دەوری ئایین لە کوردستانی موکریان و پەیوەندی نێوان باوەڕمەندانی شیعە و سوننە. "ئۆ ڤیلچێڤسکی" باسی تایبەتمەندێکی دەگمەنی شاری مەهابادی کردووە و دەڵێت ئەو شارە لە شوێنی شاری سێڵاو لێدراو و وێرانبووی "ساوجوبڵاخ" (بەکوردی: "سابڵاخ") بەشێوەیەک ساز کراوەتەوە کە نەتەنیا ئیتر شارێکی تەواو کوردییە[3]، بەڵکوو بووەتە مەڵبەندێکی تەواو سوننەش. ڤیلچێڤسکی هەروەها دەڵێت: "بەپێچەوانەی شارەکەی پێشوو، پێگەی دانیشتوانی ناکورد لە شاری مەهابادی تازە ئاوەدانکراودا بەهۆی نیشتەجێبوونی هەرچی زۆرتری کوردانی شارەکانی دیکە، وردە وردە بەرتەسک بووەتەوە و ئیتر بووەتە شارێکی تەواو کوردی، بەڵام بەشێک لە ڕوخساری ناکوردی پێشووی پێوە دیارە کە وێرانبووە و پیشاندەری ژیانی سەردەمی کۆنی شارەکەیە. ئەو بونیادانەی کە کوردە نیشتەجێبووەکان لە شارەدا سازیان کردووە، بەتەواوی جلکی سوننەی بەو شارە بەخشیوە. مزگەڤتی هەینی و گشت ئەو ئاوەدانییانەی لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، ڕوخساری مەهابادی بۆ شارێکی تەواو کوردی وەرچەرخاندووە"[4]. ژمارەی مزگەڤتە ئاوەدانەکانی شار لەو سەردەمیدا ١٠ مزگەڤت (هەموویان بۆ سوننە)[5] بووە و ڤیلچێڤسکی جەختی لەوە کردووەتەوە کە : "لە ماوەی ٥٠ ساڵی دواتردا یەک مزگەڤتیش ساز نەکراوە"[6]. مەبەست ساڵانی نێوان ١٨٩٠ تاکوو ١٩٤٠ـە. دیارە شارێک بەناوی مەهاباد لە ساڵی ١٩٣٥ دروستکراوە، بەڵام ڕوون نییە

---

1 هەمان، ل. ٥٤.

2 Вильчевский О. Л. Мукринские курды (Этнографический очерк). С. 183.

[ڤیلچێڤسکی ئۆ.ل. کوردانی موکریان (وتاری ئێتنۆگرافیایی). ل. ١٨٣].

3 Вильчевский О. Л. Мукринский Курдистан. Этнографический очерк. Л. 73–74

[ڤیلچێڤسکی ئۆ.ل. کوردستانی موکریان. وتاری ئێتنۆگرافیایی، ڕووپەلی ٧٣-٧٤].

4 هەمان، ڕووپەلی ٩٣.

5 Вильчевский О. Л. Мукринские курды (Этнографический очерк). С. 202.

[ڤیلچێڤسکی ئۆ.ل. کوردانی موکریان (وتاری ئێتنۆگرافیایی). ل. ٢٠٢].

6 Вильчевский О. Л. Мукринский Курдистан. Этнографический очерк. Л. 76.

[ڤیلچێڤسکی ئۆ.ل. کوردستانی موکریان. وتاری ئێتنۆگرافیایی، ڕووپەلی ٧٦].

لەو ماوە دوور و درێژەدا بۆچی سازکردنی شوێنی ئایینی پشتگوێ خرابوو. ڕەنگە بەهۆی ڕووداوە سروشتییەکان بووبێت کە زۆر جار ئەو شارەی وێران کردووە[1].
یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ژیان لە شاری مەهابادا بریتی بووە لە ساکاریی ژیان و هەڵسوکەوتی دیموکراتیانە بە بێ ڕەچاوکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی و تەمەن بۆ گشت دانیشتوانی ئەو شارە کە زۆر بەزەقی جیاوازی دەگەڵ کەشوهەوای ژێردەستەیی، سەرشۆڕی، فەرمانبەری و ڕیایی لە شارەکانی دیکەی ئێرانی پێوە دیارە. ڕوخساری جیاوازی ژیانی کۆمەڵایەتی مەهاباد دەکرێت بلکێنین بە لاساریی و ڕەوشت بەرزیی دانیشتوانی[2]. بەگوێرەی نووسراوەکەی ڤیلچێڤسکی: "خودی دانیشتوانی مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٢دا، بەسەرسامی و توورەییەوە بۆمیان باس کردووە کە سێ ئەفسەری ئینگلیز کە هاتبوونە مەهاباد هەرچی خواردنەوەی کحولیی لە شاردا هەبووە، تەواویان کردووە"[3]. یان لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: "لە مەهاباد بەپێچەوانەی شارە مۆدێرنەکانی ئێران کە گەڕەکی لەشفرۆشانی هەیە، ئەو دیاردەیە لەو شارەدا جێگیر نەبووە. هیچ ماڵێکی لەشفرۆشی لە مەهابادا، نابینرێت"[4].
ڤیلچێڤسکی باسی مژارێکی سەیر دەکات: "... کوردانی سوننە بە فارس و ئازەربایجانییە شیعەکان دەڵێن "ڕافزی" و تا ئەوڕادەیە بە ناپاکیان دەزانن کاتێک سەردانی شارە شیعییەکان دەکەن، مانەوە لە ماڵانی گەڕەکی کریستیانەکان هەڵدەبژێرن. هەنووکە ئەو بێزارییە لە شیعەکان بەهۆی پەرەگرتنی ڕادەی مەیخانەکان و خانە لەشفرۆشییەکان لە شارە مۆدێرنەکانی ئێراندا دەبینرێت. کوردەکان پاش گەڕانەوەیان لە شاری بێگانەکان پێیان وایە تووشی کردەوەی "حەرام" بوون، بۆیە دەبێت خۆیان بشوون"[5].
توێژینەوەکانی ڤیلچێڤسکی لە دەقی ماشێنووسەکەیدا ئاشکرای دەکات کە "پەیڕەوی کوردەکان لە ئایینزای سوننە لە ڕوانگەی ئایینییەوە نەبووە بەڵکوو هۆکاری سیاسی هەبووە" و هۆکارەکەی گەڕاندووەتەوە بۆ خۆ دووکردنەوە و دان نەنان بە هەوڵی زنجیرە پادشایانی تورکە سەفەوی و قاجارەکان کە "پەرەیان بە توندترین شێوازی شیعیزم" داوە. هەر سەبارەت بە ڕۆاڵەتیبوونی پەیرەویکردن لە ئایینزای سوننە بە گۆشە نیگای سیاسییەوە، ئەو ڕاستییەش لەو دەقەدا جێگەی سەرنجە کە دەڵێت: "زۆربەی شێخە ناودارەکانی کوردستانی موکریان، شیعەن"[6].

---

1 "بەهۆی بارانێک بەخوڕ و هەستانی سێڵاو لە شاری مەهاباد لە کوردستان، ٥٠٠ خانوو و بازاری شار وێران بوون. ژمارەی کوژراوان گەلێک زۆرە". سەرچاوە: Drobne wiadomości//Dziennik Bydgoski, nr 163, 8 sierpnia 1936. [کورتەهەواڵی ڕۆژنامەی بێدگۆشچ (شارێکی پۆلۆنیایە)، ژمارە ١٨٣، 8 ئووتی ١٩٣٦]. هەروەها پروانە هەڵبەستی مەلا مارف کۆکەیی بەناوی "سێڵاوی مەهاباد لە دیوانی مەلا مارفی کۆکەیی".- وەرگێڕ: https://books.vejin.net/fa/text/32234

2 Вильчевский О. Л. Мукринский Курдистан. Этнографический очерк. Л. 79.
[ڤیلچێڤسکی ئۆ.ل. کوردستانی موکریان. وتاری ئێتنۆگرافیایی، ڕووپەلی ٧٩].

3 هەمان سەرچاوە، هەمان ڕووپەل.

4 هەمان سەرچاوە، هەمان ڕووپەل.

5 هەمان، هەمان ڕووپەل.

6 هەمان، ڕووپەلی ١٤٦. [نووسەری ئەو وتارە لە ڕوونکردنەوەیکدا بۆ وەرگێڕ دەڵێت، "ڤیلچێڤسکی" بۆ ئەو بۆچوونەی ناوی هیچ کەسی نەهێناوە. وەرگێڕ بەدواداچوونی بۆ ئەو بابەتە کردووە، بەڵام هیچ زانیارییەکی دەست نەکەوتووە].

لە لایەکی دیکەوە، لە توێژینەوە چاپکراوەکەیدا وا دەردەکەوێت کە ڤیلچێڤسکی زۆر حەزی لە نزیکبوونەوە لە سەرکردەکانی کورد نەبووە و تەنیا چەند ئاماژەی کورت و ناڕاستەوخۆ لەو بارەیەدا دەبینرێت. لە کاتێکدا لە دەقی ماشینووسەکەیدا، بەپێچەوانە زۆر بە تێروتەسەلی باسی دیدارەکانی خۆی دەگەڵ ئەو سەرکردانە کردووە. بۆ نموونە: "لە ساڵی ١٩٤٢١دا میوانی قازی محەممەد لە مەهاباد بووم و لەو هەموو ڕێکارانەی بۆ پاراستنی ئێمە ڕێکی خستبوو، تووشی سەرسوورمان بوومەوە. ئێمە لە ژوری تایبەتی قازی محەممەد خەوتین. لە ژوورێکی بچووکی تەنیشتماندا کە لەنێوان ژوری ئێمە و هۆڵی پێشوازی هەڵکەوتبوو، چەندین پاسەوانی کوردی چەکدار لە ئەرک دابوون. خودی خانەخوێ پێش خەوتنی و پاش ئامۆژگاری ئەو پیاوانە، دەرکەوتە دەرەوە و سەردانی هەموو پاسەوانەکانی دەوروبەری کۆشکەکەی کرد. پرسیارم لە قازی محەممەد کرد کە ئایا هەمیشە بەو شێوەیە ڕەفتار دەکات، وەڵامی دامەوە، نەخێر؛ بەڵام زۆر بە تێڕادیویی گوتی: "ئاخر ئەمڕۆ ئێوە میوانی منن و دەبێت خەمخۆری ئاسایشی ئێوە بم". پرسیارم لێ کرد: "مەگەر مەترسی لە شاردا هەیە؟"؛ وەڵامی دامەوە: "کاتێک میوانت هەبێت، هەمیشە مەترسی هەیە"[1].

ئەم بیرەوەرییە لە وتارە چاپکراوەکەدا بەتەواوەتە لابراوە[2]. ئەگەرچی لە سەرەتای پەیوەندییەکاندا، ئەو ڕووداوە بێگومان خەمخۆریی قازی محەممەدی بۆ ئاسایش و مەترسییەکانی دەرخستووە، چونکە مەهاباد لە دەرەوەی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی سوپای سۆڤیەت و بەریتانیا هەڵکەوتبوو و ناوچەیەکی فراوانی بێلایەنی ئێران بووە، دیارە لە ناوچەیەکی ناسەقامگیردا نەتەنیا خەمخۆریی لە پاراستنی ژیانی ڤیلچێڤسکی وەک ئەفسەرێکی سوپای سۆڤیەت پێویست بووە، بەڵکوو دانوستانەکانیش پێویستیی بە ڕێوشوێنی پێشگیرانە لە ڕووداوی نەخوازراوەوە هەبووە.

ڤیلچێڤسکی لە دەقی ماشێنووسەکەیدا ئەو ڕووداوەی لە چوارچێوەی توێژینەوەی دابونەریتی باوی "تۆڵەی خوێن" لە نێو کورداندا باس کردووە کە تا ڕادەیەک بۆ پەیوەندییەکانی سۆڤیەت و کورد گرنگ بووە. دیارە خەمخۆری و ڕێکارە پێشگیرانەکەی قازی محەممەد وەک سەرکردەی کورد، ئاستی سەنگی سیاسیی قازی محەممەدی پیشان داوە و بە تەواوەتی ڕەوا بووە.

بەشێکی لابراوی دیکەی ئەو نووسراوەیە بریتییە لە هەندێک تایبەتمەندی و زانیاری بەنرخ سەبارەت بە مێژووی پەیوەندییەکانی کورد و سۆڤیەت کە ڤیلچێڤسکی لە گفتوگۆ دەگەڵ چالاکانی کورد تۆماری کردوون. ڤیلچێڤسکی لە دەقی ماشێنووسەکەدا دەڵێت، بازاڕی مەهاباد تا ساڵی ١٩١٧ ببووە نێوەندێکی فرە مەزنی هەناردەکردنی کەلوپەل و خۆراکی ئێرانیی بۆ ڕووسیا[3]. بۆیە پەرەگرتنی پەیوەندییە ئابوورییەکان هۆکاری بڵاوبوونەوەی "هزری بزووتنەوەی دیموکراتێکی ڕووسی" بووە، بەڵام هێشتا کۆڵینەوە لەسەر "چۆنیەتی پەرەسەندنی ئەو هزرە لەنێو کورد و بەتایبەت لە ژینگەی کوردستانی

1 Вильчевский О. Л. Мукринский Курдистан. Этнографический очерк. Л. ١٩٢.

[ڤیلچێڤسکی ئۆ.ل. کوردستانی موکریان. وتاری ئێتنۆگرافیایی، ڕووپەلی ١٩٢].

2 Вильчевский О. Л. Мукринские курды (Этнографический очерк). С. 209.

[ڤیلچێڤسکی ئۆ.ل. کوردانی موکریان (وتاری ئێتنۆگرافیایی). ل. ٢٠٩].

3 هەمان، ڕووپەلی ١١.

موکریان نەکراوە"[1]. لە میانەی هاموشۆی نووسەر و قازی محەممەددا دەردەکەوێت کە: "ڕێژەیەکی بەرچاو لە ڕۆشنبیرە کوردەکانی سابڵاخ وەک بازرگان و "بریکارەکانیان" هاتووچۆی ڕووسیا و شاری "نیژنی نۆڤگەرەد"یان کردووە و لە کڕین و فرۆشتنی "بازاڕی مەزنی ماکارێڤ"ی[2] ئەو شارەدا بەشدار بوون ... لێرەدایە کە پەیوەندی لەنێوان ڕۆشنبیرانی پێشکەوتووخواز و دیموکراتەکانی ڕووسیا پێک هاتووە... قازی فەتاح[3] یەکێک بووە لە ڕێکخەرانی بەرەنگاری لەدژی داگیرکاری سوپای عوسمانی لە ناوچەکەدا[4]. قازی

---

1 هەمان، ڕووپەلی ٤٥-٤٦.

2 شاری"نیژنی نۆڤگەرەد" کەوتووەتە کەنار ڕووباری "ڤۆڵگا" و مێژووی دامەزراندنی "بازاڕی مەزنی ماکارێڤ" کە لە ٩٠ کیلۆمەتری ئەو شارە بووە، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێزدەی زایینی.- وەرگێر.

3 قازی فەتاح - قازێتی سابڵاخی پشتاوپشت پێ گەیشتبوو. بڕوانە "ڤیلچێڤسکی ئۆ.ل. کوردستانی موکریان. وتاری ئێتنۆگرافیایی، ڕووپەلی ٤٥"؛ " لە نێو کوردیشدا زۆربەی پلەبەندیی پیاوانی ئایینی موسڵمان پشتاوپشت بووە، دادوەرانی ئایینیی، واتە قازییەکان هەموویان سەر بە یەکماڵبات بوون. لە سابڵاخیش بە ماڵباتی قازییەکان پڕابوو" (ڤیلچێڤسکی ئۆ.ل. کوردستانی موکریان. وتاری ئێتنۆگرافیایی، ڕووپەلی ١٤٥).

4 وەرگێر سەبارەت بەو دێرە پەیوەندی بە " ئانژیلیکا پۆرێدۆنۆستسیڤا-کایا"، نووسەری ئەو وتار گرت و ناوبراو لە ١٠٢٠٢/٢١، لە پەیامێکدا دەڵێت "ڤیلچێڤسکی" ئەو بۆچوونەی لە "مینۆرسکی" وەرگرتووە کە گوتوویەتی: "سەرەڕای هەستی تەواو ڕوونی دژە ئێران لەنێو خەڵکی ناوچەکەدا [موکریان]، ئەو خەڵکە هیچ هاوسۆزییەکیان بۆ داگیرکەرانی تورکیا نیشان نەداوە. قازی فەتاح کە قازێتی سابڵاخی بەمیرات پێگەیشتبوو، سەرکردایەتی شەڕی دەرکردنی داگیرکەرانی لە ناوچەکە کردووە و لە ئەنجامی چالاکی پارتیزانە کوردەکاندا، سەربازانی عوسمانی لە گەلێک ناوچەی موکریان پاشەکشەیان کردووە".- وەرگێر.

بەڵام سەبارەت بە هەڵسوکەوتی "قازی فەتاح" ڕوانگەی جیاوازتر هەیە. [وەرگێردراو لە فارسییەوە]: "زستانی ساڵی ١٩١٦ ... ڕووسەکان بەمەبەستی دەرکردنی عوسمانییەکان و بۆ تۆڵەسەندنەوە لە شکستی پێشوویان، هێرش دەبەنە سەر شار [سابڵاخ]. کۆچکردووە قازی فەتاح، مامی قازی عەلی کە یەکێک لە کەسایەتییە بەناوبانگەکانی موکریان بوو، بەرگری لە شار و هاوشارییەکانی دەکات و لە شەڕێکی نابەرامبەردا، گواستنەوە و ڕزگارکردنی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی شاری سابڵاخ بەڕێوە دەبات و لە کۆتاییدا بەدەستی سەربازانی ڕووس دەکوژرێت. (سعید همایون. ص. ٥٥).- وەرگێر.

یان: [وەرگێردراو لە فارسییەوە]: "لە ساڵ ١٣٣٤ی کۆچی مانگیدا [١٩١٦] هێزێکی مەزنی ڕووسەکان بە فەرماندەیی "باڵاخانۆڤ" و "چێرنەزووبۆڤ" هێرش دەبەنە سەر هێزێکی کەم هەژماری عوسمانییەکان لە سابڵاخ. هێزەکانی عوسمانی پاش چەند ماوەیەک بەرگری، ڕووبەڕووی شکست دەبنەوە و ڕووسەکان شار داگیر دەکەن. کۆچکردووە قازی فەتاح بۆخۆی دەگەڵ چەند کەس لە نۆکەران و کورەکانی لە خانوویەک کە بە "مەدرەسەی عووسمانی" بەناوبانگ بووە و دواتریش "شێرەخۆرشیدی سووری مەهاباد" لە بەشێکیدا حەمامێکی لێ ساز دەکات، دژی هێزەکانی ڕووس دەست دەکەنەوە. پاش ماوەیەک شەڕکردن، دەستەیەک لە سوارەکانی ڕووس لە باسکی گوندی "کەرێزە" و شاخەکانی باغی "مکاییل" و "پردی سوور" دەگەنە نزیکی "حەوزی قازی" لە کەنار بەشی ڕۆژاوای شار. لێرەدا کورەکانی قازی فەتاح بە باوکیان دەڵێن هێزەکانی ڕووس زۆر بەهێزن و لە ئانوساتدا تەوای شار داگیر دەکەن و تورکەکان هەڵاتوون، بۆیە باشترە ئێمەش شار بەجێ بهێڵیین. میرزا فەتاح دەڵێت: من ناتوانم زیندوو بم و ببینم هێزەکانی ڕووس سابڵاخ داگیر دەکەن. داوای ئەسپەکەی دەکات و کاتێک پێیەکی لە ڕکاب دەنێت، چەند فیشەکێک لە لای "تەپەی حەوزی قازی" ڕێک نێوچاوانی دەپێکێت و هەر لەوێ شەهید دەبێت و کورکانی هەڵدێن و مەیتەکەی دەمێنێتەوە. ... پاش چل ڕۆژان لە گۆشەی ڕۆژهەڵاتی مزگەوتی "شادەروێش" دەینێژن. ... کورەکانی میرزا فەتاح دەگەڵ سوپای شکاوی عوسمانی بە فەرماندەیی "عومەر ناجی بەگ" لە ڕێگەی "گەردە بەردان"، "بەرەجۆ"، "تۆختە"، "قۆڵغەتەپە" دەچنە گوندی "باخچە. ... سێ کوری [قازی فەتاح]: عەبدولڕەحمان (سالار)، محەممەد (مەلا محەممەدی قازی) و محموود (مەنسوور سوڵتان) دەستەبەسەر و تا کۆتایی شەڕی یەکەم بۆ سیبیری دوور دەخرێنەوە". (فتاحقاضی، ص. ٦٤، ٦٥).- وەرگێر.

فەتاح لە شۆڕشی ساڵی ١٩٠٧ی ئێراندا بەشداری کارای کردووە و بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی ئەو شۆڕشە لە سابڵاخ یەکەم ئەنجومەنی شۆڕشگێڕیی لە کوردستان دامەزراندبوو[1] و لە خواستە دیموکراتییەکانی ئەو شۆڕشە بێوچان بەرگری کردووە"[2].

بەشێکی تەواوی دەقە ماشێنووسەکە بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی- دیموکراتیک لە کوردستانی موکریان تەرخان کراوە[3]. لەم بەشەدا باسی سوپای سۆڤیەت و ڕزگارکردنی گەلانی ئێران "لە مەترسی فاشیسزم و ... لە دیکتاتۆری خوێنڕێژی رەزا خان"[4] دەکات و کورتەیەکی سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی ساڵی ١٩٤٠ لە ئێران، عێراق، تورکیا و شۆڕشی مستەفا بارزانی و دامەزراندنی خودموختاری دیموکراتیک (واتە: کۆماری مەهاباد [کوردستان]) لە ناوچەی کوردانی ئێران نووسیوە، هەروەها لە ئاماژەدان بە دامەزراندنی حیزبی "ژێکاف"[5]، نموونە گەلێک لە بڵاوکراوەکانی ئەو حیزبەی لە ساڵی ١٩٤٤دا هێناوەتەوە کە پشتیوانی لە پێدانی ئیمتیازی نەوت بە یەکێتیی سۆڤیەت کراوە[6]. بەڵام لە دەقە چاپکراوەکەی ئەو وتارەدا، تەنیا لە چوارچێوەی باسی هەبوونی نێوەندی زمان و وێژەی زاراوەی کورمانجی ژێروو، یادێک لە دامەزراندنی خودموختاری دیموکراتیک

---

یان: "... هێندی پێ نەچوو بوو بە زستان و جێژنی "مەولوود"، بەفر تا ئێوقەدان بوو، لە هەموو ماڵاندا پڵاو لەسەر ئاگر بوو. لەپڕ لەشکری ڕووسان وەسەر گەڕان! پەلاماری شاریان دا و شار داگیر کرا. قازی فەتاح ماڵی لە کەنار شار بوو، خۆی و چەند کەس لە پیاوانی تەقەیان لە ڕووسەکان دەکرد، واتە جیهادیان دەکرد. زوو کوژران. رووس هاتنە نێو شار. (کوردبوون، ڵ. ٤٤).- وەرگێر.

[1] لێرەشدا ڕوانگەی دیکە هەیە، [وەرگێردراو لە فارسییەوە]: " ئەنجوومەنی [مەشرووتەخوازانی] سابڵاخ بە سەرۆکایەتی ئەبولحەسەن سەیفولقوزات، شاعیری بەناوبانگ و برای قازی عەلی (سەرۆکی دادی شار و باوکی قازی محەممەد) پێک دێت (شمس اسماعیل، ص. ٢٤٥).- وەرگێر.

یان: [وەرگێردراو لە فارسییەوە]: "پاش ڕووداوەکانی مەشرووتە و دژایەتی و هێرشی محەممەد عەلی شا لەدژی مەشرووتەخوازان، قازی فەتاح ئەگەرچی دژی ستم و سەرەڕۆیی بووە، بەڵام دیار نییە لەسەر چ بنەمایەک هاوکاریی لایەنگرانی محەممەد عەلی شای کردووە و بۆ ماوەیەکی زۆر دەگەڵ سوارەکانی خۆی لەڕیزی چەکدارەکانی حاجی سەمەد خانی شوجاعولدەولە لە مەراغە و تەورێز بووە. سەرەنجام سوپای ڕووسیا پاش گەلێک شەڕ و پێکدادان لە دژی مەشرووتەخوازان، تەورێز داگیر دەکات و ... شوجاعولدەولە دەست دەکات بە کشتوکوشتاری مەشرووتەخوازان و ئازادیخوازن، وەک سیقەتولئیسلام و شێخ سەلیم و ... میرزا فەتاح دژی ئەو هەڵسوکەوتانەی شوجاعولدەولە بووە، تەنانەت گەلێک لە ئازادیخوازنی لە مەرگ ڕزگار کردووە (فتاحقاضی، ص. ٦٤).- وەرگێر.

2 Вильчевский О. Л. Мукринский Курдистан. Этнографический очерк. Л. 45–46.

[ڤیلچێڤسکی ئۆ.ل. کوردستانی موکریان. وتاری ئێتنۆگرافیایی، ڕووپەلی ٤٥-٤٦].

3 هەمان، ڕووپەلی ٢٠٩ – ٢١٢.

4 هەمان، ڕووپەلی ٢٠٩.

5 ڤیلچێڤسکی بەهەڵە ناوی ئەو حیزبەی وەک "ژیانی کوردستان" هێناوە (بڕوانە: کوردستانی موکریان. وتاری ئێتنۆگرافیایی). ناوی ئەو ڕێکخراوەیە بەکوردی دەبێتە "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" کە بەکوردی وەک "کۆمەڵە" ئاماژەی پێکراوە. ئەو هەڵەیە لە هەندێک بابەتی کوردناسیشدا دووپات بووەتەوە. لە بەڵگەنامە دیپلۆماسییەکانی نوێنەرانی سیاسیی یەکێتیی سۆڤیەت لە تاران و و لە ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵگریی "تاس"دا ئاماژە بەو هەڵەیە کراوە. بڕوانە: ئەرشیڤی میریی ڕووسیای فێدراڵ، مەخزەنی ٤٤٥٩، لیستەی ٢٧، دۆسیەی ٦٦٩٧، ل. ١.

6 Вильчевский О. Л. Мукринский Курдистан. Этнографический очерк. Л. 210.

[ڤیلچێڤسکی ئۆ.ل. کوردستانی موکریان. وتاری ئێتنۆگرافیایی، ڕووپەلی ٢١٠].

له مەڵبەندی کوردستانی ئێران کراوە، بێجگە لەمە ئاماژە کراوە بە چاپەمەنییەکانی ساڵانی ١٩٤٢-١٩٤٦دا وەک: گۆڤاری "نیشتمان" و ڕۆژنامەی "کوردستان"[1] زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردانی ئێران[2].

پاش مەرگی، وتاری "کوردستانی موکریان" دەگەڵ نووسراوەکانی دیکەی ڤیلچێڤسکی، لە ساڵی ١٩٦٤دا، ڕادەستی "ئەرشیڤی زانستیی مۆزەخانەی ئەنترۆپۆلۆژی و ئێتنۆگرافیای ئاکادێمیای زانستیی ڕووسیا" کراوە. هەر لەوێ سێ لیستەی لێ ساز دەکەن و لە مەخزەنی "ئۆ.ل. ڤیلچێڤسکی"دا (مەخزەنی ١٧) دەیپارێزن. بەهۆی گونجاو نەبوونی شێوازی پاراستنی ئەو مەخزەنە دەگەڵ ڕێوشوێنە زانستی و تەکنیکییەکانی سەردەم، لە ساڵی ١٩٨٧ گشت دەستنووسەکانی مەخزەنی "ئۆ.ل. ڤیلچێڤسکی" ڕێکوپێکتر و ناونیشانی هەندێکیان ڕوونتر و وتارە چاپکراو و دووپاتکراوەکان دیاریکراون. دەگەڵ پشکنین و هەڵسەنگاندنی ئاستی بابەتەکان، ڕیکارێک بۆ لەنێوبردنی ئەو دۆسیە و بەڵگەنامانەی کە گوایە بەهای مێژوویی خۆیان لەدەست دابوو[3]، ڕەچاو کراوە. پاش ئەو گۆڕانکارییانە ڕێژەی وتارەکان گۆڕاون و ژمارەی وتارە پارێزراوەکان بوونەتە ١٦٩.

دیارە زەحمەتە بزانین هۆکاری لەنێوبردنی بەڵگەنامەکان بەڕاستی "بەسەرچوونی بەهای مێژوویی" بوویێت، لەوانەیە وەک لە پێداچوونەوە بەسەر ماشێننووسی "کوردستانی موکریان" دەیبینین، لێرەشدا پاشخانێکی هەڵوێستەی سیاسیی هۆکار بوویێت. دیارە لابردنی ئەو دەربرینانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، دەگەڵ گەلێک تێبینی دیکەی هاوچەشن کە لە وەشانی کۆتایی وتارەکەشدا بەدی دەکرێن، ناتوانێت تەنیا بە پاساوی کورتکردنەوەی بابەتەکە بوویێت بۆ ئەوەی لەنێو کۆوتارەکاندا جێگەی بێتەوە. بابەتە بژارکراوەکان هەڵگری گەلێک زانیاری گرنگن، بەڵام لە زۆر شوێنی دەقە چاپکراوەکەدا، لە جێگەی ئەو زانیاریانە، هەندێک دێر و دەربڕین گشتی و کەم زانیاری دەبینیین.

پاش نووسینی "کوردستانی موکریان"، "ئۆ. ڤیلچێڤسکی" خەریک بووە قەبارەی کارەکەی لەسەر ئەم بابەتە لە ١٥ ڕووپەلی ماشێننووسدا بۆ ٢٥ ڕووپەل فراوانتر بکات, هەروەها وادەی جێبەجێکردنی لە پری ساڵی ١٩٥٧، بۆ ساڵی ١٩٥٨ درێژ کردووەتەوە تاکوو لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی بەرفراوان بەناوی "کوردەکانی ڕۆژاوای ئاسیا"دا چاپ و

---

1 Вильчевский О. Л. Мукринские курды (Этнографический очерк). С. 222.

[ڤیلچێڤسکی ئۆ.ل. کوردانی موکریان. (وتاری ئێتنۆگرافیایی)، ل. ٢٢٢].

2 "ژێکاف" کە بریتی بوو لە دەستەیەکی شۆڕشگێڕ دەگەڵ هەندێک کەسایەتی دیموکرات، لە پاییزی ساڵی ١٩٤٥ خۆیان هەڵوەشاندەوە و زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی باوەڕمەند بە دیموکراسی و هۆزە نیشتمانپەروەرەکان بەسەرۆکایەتی قازی محەممەد ڕێکخراوێکی تازەیان بەناوی "حیزبی دیموکراتی کوردانی ئێران" دامەزراند. بڕوانە: Вильчевский О. Л. Мукринский Курдистан. Этнографический очерк. Л. 214.

[ڤیلچێڤسکی ئۆ.ل. کوردستانی موکریان. وتاری ئێتنۆگرافیایی، ڕووپەلی ٢١٤].

3 Жуковская И. В., Решетов А. М. Фонды востоковедов в архиве Музея антропологии и этнорафии имени Петра Великого РАН // Страны и народы Востока. М., 2010. Вып. 33. С. 215.

[ژووکۆفسکایا، ئی.ڤ.، ڕێشیتۆڤ ئا.م.، (وتاری) خەزێنەکانی ڕۆژهەڵاتناسی لە ئەرشیڤی مۆزەخانەی ئەنترۆپۆلۆژی و ئێتنۆگرافیای پێتری مەزن لە ئاکادێمیای زانستیی ڕووسیا// (گۆڤاری) وڵات و گەلانی ڕۆژهەڵات. مۆسکۆ، ٢٠١٠، ژمارە ٣٣، ل. ٢١٥].

بڵاو بکرێتەوە[1]. چارەنووسی ئەو پرۆژەیە دیار نییە، هەڵبەت وتاری یەکەم (واتە وتارە ماشێننووسەکە) کارێکی تەواو زانستییانەی بێ کەموکوڕییە و بەگوێرەی "ئا.ڤ. چێرکایف"[2] بە لاتاو و توانج، نێوەڕۆکێکی زیندووی پێ بەخشیوە کە ئەوەش تایبەتمەندی شێوازی نووسینی "ئۆ. ڤیلچێڤسکی" پێوە دیارە. دەکرێت بە دڵنیایەوە بێژین کە ئەو لێکۆڵینەوەیە سەرەڕای مشتومڕ و کۆمەڵێک ڕەخنە لەسەر هەندێک لایەنی، شایەنی بووە بەتەواوی بڵاو کراباوە. ئەو ڕاستییەش سەرنجڕاکێشە کە وتارەکە وەک بابەتێکی سەربەخۆ بڵاو نەبووەتەوە، بەڵکوو لەپاڵ کۆمەڵێک بابەتی دیکەدا گونجێنراوە و وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، دەقە چاپکراوەکە بەوردی دەستکاری کراوە. بۆیە شیمانە دەکەین کە هۆکاری بنەڕەتی ئەو چەشنە هەڵسوکەوتە، دەگرێتەوە بۆ وروژاندنی زانستییانەی پرسگەلێکی سیاسی کە لەلایەن "ئۆ. ڤیلچێڤسکی"یەوە لەو وتارەیدا جەختی لەسەر کردوونەتەوە.

لە لایەکەوە زەقکردنەوەی پرسی ئایین [کە لە دەقە ڕەسەنەکەدا باسی کراوە] پێچەوانەی سیاسەتی نوێی "خرۆشچۆڤ" بووە کە بۆ دژایەتیکردنی ئایین پەیڕەو دەکرا. لە لایەکی دیکەوە، هاوکات سیاسەتێکی کارا بۆ کارکردن دەگەڵ ئێران وەگەر خرابوو و باسی دۆستایەتی نێوان کۆمەڵگەی سۆڤیەت و ئێران دەکرا، بۆیە باسکردن لە ناتەبایی ئایینی، هەروەها جەختکردنەوە لەسەر هەستی جودایخوازیی کوردەکان، بێگومان بەدڵی لایەنی ئێرانی نەدەبوو؛ بێجگە لەمانە، نزیکەی ١٠ ساڵ بەسەر پاشەکشەی سوپای سۆڤیەت لە خاکی ئێران تێپەڕ ببوو و لە ساڵی ١٩٥٦دا، واتە یەک ساڵ پاش تەواوبوونی نووسراوە ماشێننووسەکەی "ئۆ. ڤیلچێڤسکی"، محەممەد ڕەزا پەهلەوی، شای ئێران، جارێکی تر سەردانی یەکێتیی سۆڤیەت دەکات و بەگوێرەی "ج. پارکێر"، هەر دوو لایەن لەسەر پەرەپێدان بە هاوکاری هاوبەش ڕێک دەکەون[3]؛ بۆیە ئاماژە زەقەکانی "ئۆ. ڤیلچێڤسکی" دەیتوانی بەدڵی لایەنی ئێرانی نەبێت و کۆسپ بخاتە سەر ئەو هاوکاریانە.

ڕووداوەکانی ساڵانی ١٩٥٠ – ١٩٦٠، کاریگەرێکی تایبەتی لەسەر مێژووی ڕووسیا داناوە. گۆڕانکاری و چاکسازییەکانی پاش کۆچیدوایی "ئی.ڤ. ستالین" نەک دەزگاکانی حیزبی و دەسەڵاتی میری، بەڵکوو نێوەندە زانستییەکانیشی گرتبووەوە. لە قۆناخی نوێی بنیاتنانی سۆسیالیزمدا، سەرکردەکانی وڵات دەورێکی بەرچاویان بۆ زانست تەرخان کردبوو[4]. لەژێر بانگەشەی زەقی مۆدێرنیتە و لێکۆڵینەوەی نوێی ئێتنۆگرافیاییدا، بۆ

---

[1] Вильчевский О. Л. Докладная записка Толстову С. П., д-ру ист.наук, директору ИЭ // МАЭ РАН Ф.17. Оп. 1. Д. 111. Л. 1.

[ڤیلچێڤسکی ئۆ.ل. ڕاپۆرتی زانیاری بۆ: تاڵستۆڤ س.پ.، دکتۆری زانستیی مێژوو، سەرۆکی پەیمانگای ئەنترۆپۆلۆژی// مۆزەخانەی ئەنترۆپۆلۆژی و ئێتنۆگرافیای ئاکادێمیای زانستیی ڕووسیا، خەزێنەی، ١٧، لیستەی ١، دۆسیەی ١١١، ل. ١].

[2] ئاندرێی ڤسێڤاڵێدۆڤیچ چێرکایف" (لەدایکبووی ١٩٥٠)، نەوەی "ئۆ. ڤیلچێڤسکی".

[3] Parker J. W. Persian Dreams: Moscow and Tehran Since the Fall of the Shah. Potomac Books Inc., 2008. P. 8.

[4] Академия наук в решениях Политбюро ЦК РКП(б)–ВКП(б)–ЦК КПСС. 1922–1991/1952–1958/ М.: РОССПЭН, 2010. С. 8.

[ئاکادێمیای زانستەکان بەگوێرەی بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسیی کۆمیتەی نێوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ڕووسیا (باڵشویک)- حیزبی کۆمۆنیستی یەکگرتوو (باڵشویک)- کۆمیتەی نێوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت. ١٩٢٢-١٩٩١/١٩٥٢-١٩٥٨/ مۆسکۆ: وەشانخانەی "ئینسایکلۆپیدیای سیاسی"، ٢٠١٠. ل. ٨].

ماوەیەک حەز و ئارەزوو بۆ توێژینەوەی مێژووی کۆمەڵایەتی ئابووری و بەڕادەیەکی کەمتر، بۆ مێژووی سیاسیی کورد تووشی لاوازی دەبێت. بەڵام شۆڕشی ساڵی ۱۹۵۸ی عێراق و ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی کۆماری عێراق، دەبێتە پاڵنەرێک و جارێکی دیکە بواری توێژینەوەکانی کوردناسی دەبووژێتەوە[1].

ئەو سیستەمی کە لەم سەردەمەدا بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمە زانستییەکان لە یەکێتیی سۆڤیەتدا پەیڕەو دەکرا، بەتەواوی دەستی دەوڵەتی واڵا کردبوو لەسەر دیاریکردنی کاریگەریی نێوەڕۆکیان و شیاوبوون یان شیاونەبوونییان بۆ بڵاوکردنەوە. بۆیە مەرجەکانی بڵاوکراوە زانستییەکان لە سەردەمی شەڕی سارددا، گەلێک توندتر کران. بۆ نموونە، لە ساڵی ۱۹٦۳دا وتاری "چەند پرسێکی نەتەوەیی لە پێکهاتنی گەلی کورد" کە "ئۆ. ڤیلچێڤسکی" بۆ بەرهەمێکی هۆبەی ڕۆژاوای ئاسیا لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسیی ئاکادێمیای زانستی یەکێیی سۆڤیەت بەناوی کۆوتاری "پرۆسە ئیتنیکییەکان و پێکهاتەی دانیشتوانی ڕۆژاوای ئاسیا" ئامادەی کردبوو، گونجاوبوونی چاپ و بڵاوکردنەوەکەی کەوتە بەر لۆمەی دەزگای وەشانخانەی "وێژەی ڕۆژهەڵات". لەم بارەدا "ڤیلچێڤسکی" دەڵێت: "... وا دیارە نووسراوەکە تووشی بەرپەرچدانەوەی وەزارەتی دەرەوە بووەتەوە، چونکە لەسەر ڕاسپاردەی وەزارەتی دەرەوە بۆ پێداچوونەوە، گەڕێندراوەتەوە دەزگای بڵاوکردنەوە"[2].

دیارە سەرەڕای تێگەیشتنی "ئۆ. ڤیلچێڤسکی" لە کێشەکە و هەوڵدانی بۆ پێداچوونەوەی پێویست، هەڵبەت بە پاراستنی ڕاستییە بنچینەیەکان لە بابەتەکەدا، سیستەمی دەزگای زانستی تەنیا پاش دەستکارییەکی بنەڕەتی لە وتارەکەدا، ڕێگەی بە بڵاوکردنەوەی داوە. ئاشکرایە کە دەقەکە پاش گۆڕانکارییەکانی خودی "ئۆ. ڤیلچێڤسکی" و دەستکارییەکانی کەسانی دیکە کە نووسەریش لاری لەسەر نەبووە، بووەتە وتارێکی بێلایەنانە و کەمباندۆری سیاسی. بە بەراوردکردنی دەقە ماشێننووسەکە دەگەڵ دەقە بڵاوکراوەکە لە کۆوتارەکەدا، بۆمان دەردەکەوێت کە سیستەم چ چاوەڕوانێکی لە نووسراوەی توێژەران و ئەنترۆپۆلۆژەکانی سۆڤیەت هەبووە. کە وا بوو نووسەر وازی هێناوە لە گەلێک زانیاری پەیوەست بەو ڕووداوانەی کە بە چاوی خۆی بینیبووی. دیارە ئەوەش بەهای وتارەکەی کەم کردووەتەوە و ئاستی دابەزاندووە.

بەگوێرەی لێدوانی "ئا.ڤ. چێرکایڤ"، دونیابینیی "ئۆ. ڤیلچێڤسکی" بریتی بووە لە هەڵسوکەوتی پسپۆڕانە لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا. بۆیە ئەو زانایە هەرگیز باسی سیاسەت و کۆمۆنیزم و ستالینی نەکردووە. سەرەڕای ئەندامەتی "ئۆ. ڤیلچێڤسکی" لە حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەتدا، "ئاوری لەو مژارانە نەداوەتەوە". بۆ نموونە، "ئا.ڤ. چێرکایڤ" لە بارەی کەوتنە بەر سانسۆری وتارێکی بەهۆی ئاماژە نەکردنی بە

---

[1] Халфин Н. А. Курдская историография в СССР и некоторые ее проблемы // Вопросы истории.1966. № 8. С. 157.

[خەلفین ن.ئا. مێژوونووسیی کورد لە یەکێتییی سۆڤیەتدا و هەندێک لە کێشەکانی// پرسەکانی مێژوو (گۆڤار). ۱۹٦٦، ژمارە ۸، ل. ۱۵۷].

[2] Вильчевский О. Л. Письмо Бруку С. И., д-ру геогр. наук, зам. директора ИЭ, 20.05.1963 // МАЭ РАН. Ф.17. Оп. 1. Д. 102. Л. 4.

[ڤیلچێڤسکی ئۆ.ل. ڕاپۆرتی زانیاری بۆ: تاڵستۆڤ س.پ.، دکتۆری زانستیی مێژوو، سەرۆکی پەیمانگای ئەنترۆپۆلۆژی// مۆزەخانەی ئەنترۆپۆلۆژی و ئێتنۆگرافیای ئاکادێمیای زانستیی ڕووسیا، خەزێنەی، ۱۷، لیستەی ۱، دۆسیەی ۱۰۲، ل. ٤].

لێدوانەکانی "ڤ.ئی. لێنین" دەڵێت، ڤیلچێڤسکی بە لاتاو و توانج گوتوویەتی: "تکاتان لێ دەکەم بۆم ڕوونکەنەوە ئەم وتارم پێویستیی بە چەند ئاماژەی لێنین دەبێت هەبێت". "ئۆ. ڤیلچێڤسکی" بەگشتی خۆی لە سیاسەت نەداوە، بۆیە ئیتر خۆی خەریکی مێژووی سەدەی سێزدە کردووە[1] و دەڵێت: " لێکدانەوەی مێژووی هاوچەرخ، بەشێکە لە تایبەتمەندی سیاسەت. بەڵام مێژووی کۆن کە پتر بابەتیانەیە، سیاسەتوانان ناتوانن چەواشەی بکەن، بەڵام توێژەران لەوانەیە"[2].

ئاشکرایە کە "ئۆ. ڤیلچێڤسکی" لە پێگەی ئەفسەرێکی سوپای سۆڤیەت لە ئێران، ئینجا بە کۆکردنەوەی زانیاری و ئەزموونەکانی خۆی، هەوڵی داوە تا ڕادەیەک سنووری بابەتیانەی زانستی لە وتارەکەیدا بپارێزێت، ئەگەرچی هاوکاتیش ئەو کەشوهەوا سیاسییە کە ڤیلچێڤسکی خۆی دەگەڵ گونجاندبوو و لێی تێگەیشتبوو، کاریگەریی لەسەر هەڵسوکەوتی وەک زانایەکی سۆڤیەتی داناوە. "ئۆ. ڤیلچێڤسکی" بەپشتبەستن بە پسپۆڕیی پیشەیی، زۆر بە زیرەکی و بەپێی سروشت هەڵسوکەوتی دەگەڵ کەشوهەوا سیاسییەکە کردووە و لە ئانوساتی خۆیدا زەمینە سیاسییەکانی بینیوە، بۆیە گۆڕان لە وتارەکەیدا پەیدا بووە. بێگومان دەبێت کاریگەری سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، بە فاکتەری سەرەکی وەرچەرخانی وتارەکەی بزانیین. "ئۆ. ڤیلچێڤسکی" لە هەلومەرجی ئامادەکاری، دەستپێک و دامەزراندنی گۆڕانە سیاسییەکەی باکووری ئێران، واتە خودموختاری کورد و ئازەربایجان، لە ڕاپۆرتەکەی ساڵی ١٩٤٢دا، شیکاری و زانیاریی ڕۆژانە و لە نامیلکەکەی ساڵی ١٩٤٤یشدا، ڕێنمایی و ڕێکاری کرداری پێشنیار کردووە. "ئۆ. ڤیلچێڤسکی" پاش هەرەسهێنانی خودموختاری کورد و ناڕوونی سیاسەتی سۆڤیەت لە بەرامبەری ئێراندا (کاتێک ئیتر وازی لە خزمەتی سەربازی هێنابوو)، بڕیاری دا لە سەر بنەمای زانیارییە کۆکراوەکان و وەک شایەتێکی ڕووداوەکان، تێڕوانینێکی ئێتنۆگرافیایی تۆمار بکات کە دەقی ماشێننوسەکەی ساڵی ١٩٥٥ی لێ کەوتووەتەوە. بەڵام کاتێک ئەو دەقە ئامادەی چاپ و بڵاوکردنەوە کرا، مۆسکۆ سیاسەتی نزیکبوونەوە لە تاران دەست پێ دەکات و چیتر پاڵپشتی لە جودایخوازی کورد ناکات. لە ئاکامدا، وتارە کورت و کەمڕەنگ کراوە ئێتنۆگرافیاییەکەی ساڵی ١٩٥٨ی لێ کەوتووەتەوە و ڕەزامەندی دەزگاکانی سۆڤیەتی بۆ بڵاوکردنەوە وەدەست هێناوە.

ئەو بابەتەی لە سەرەوە ورووژێندرا، ئاماژەیەکی سەرنجڕاکێش و بیانوویەکە بۆ جەختکردنەوە لەسەر بۆچوونەکەی سەرەوی "ئێ. سەعید" کە بەتایبەت ئەو زانایانە دەگرێتەوە کە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا یان لە خزمەتی دەوڵەت دان و یان یارمەتیدەریانن و پێویستە لایەنی بابەتیانە لە کارەکانیاندا فەرامۆش نەکەن. ئەگەرچی ئەو تێبینییە لەوانەیە تێڕوانینەکەی "ئێ. سەعید" لاواز بکات، بەڵام لە ڕاستیدا وردتری دەکاتەوە و ڕاستینەی دۆخی یەکێتیی سۆڤیەت پیشان دەدات.

---

[1] کاری پسپۆڕانە لەسەر بەرهەمەکەی "حافزەددینی خاقانی"، ئەو حەز و ئارەزوویەی نووسەر پشتڕاست دەکاتەوە. بڕوانە:

Вильчевский О. Л. Хакани: Некоторые черты творчества и мировоззрения поэта//Советское востоковедение. 1957. № 4. С. 63–76.

[ڤیلچێڤسکی ئۆ.ل. خاقانی: چەند دیمەنێکی داهێنەرانەی شاعیر و دونیابینییەکەی// ڕۆژهەڵاتناسیی سۆڤیەتی (گۆڤار). ١٩٥٧، ژمارە ٤، ل.ل. ٦٣-٧٦].

[2] کاری مەیدانی. وتووێژ دەگەڵ "ئا.ڤ. چێرکایڤ"، نۆڤەمبەری ٢٠١٩.

## سەرچاوەکانی نووسەر

- Академия наук в решениях Политбюро ЦК РКП(б)–ВКП(б)–ЦК КПСС. 1922–1991/1952–1958 / М., РОССПЭН, 2010. 1279 с.

[ئاکادێمیای زانستەکان سەبارەت بە پەسەندکراوەکانی مەکتەبی سیاسیی کۆمیتەی نێوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ڕووسیا (باڵشویک)- حیزبی کۆمۆنیستی سەرتاسەری (باڵشویک)- کۆمیتەی نێوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت. ١٩٢٢-١٩٩١/ ١٩٥٣/١٩٥٨/ مۆسکۆ، ئینسایکلۆپیدیای سیاسیی ڕووسیا، ٢٠١٠، ١٢٧٩ لاپەڕە].

- Вильчевский О. Л. Курды Северо- Западного Ирана. VII отдел Политического управления Закавказского фронта. Для служебного пользования. Экз. № 39. Тбилиси, 1944. 85 с.

[ئۆ.ل. ڤیلچێڤسکی. کوردەکانی باکووری ڕۆژاوای ئێران. یەکەی حەتەمی بەڕێوەبەرایەتی بەرەی کافکاز. بۆ بەکارهێنانی کارگێریی، دەقی ژمارە ٣٩. تفلیس، ١٩٤٤. ٨٥ لاپەڕە].

- Вильчевский О. Л. Аспирант. Личное дело, 1929–1932// Санкт Петербургский филиал Архива РАН (СПбФ АРАН) Ф. 222. Оп. 2. Д. 79.Л. 1–57.

[ئۆ.ل. ڤیلچێڤسکی. خوێندکاری دکتۆرا. دۆسیەی کەسێتی، ١٩٢٩-١٩٣٢// ئەرشیڤی ئاکادێمیای زانستیی ڕووسیا لقی سانکت پیتەربورگ، مەخزەنی ٢٢٢، لیستەی ٢، دۆسیەی ٧٩، ڕووپەلەکانی ١-٥٧].

- Вильчевский О. Л. Личное дело, 1932–1941 // СПбФ АРАН Ф. 77. Оп. 5. Д. 318. Л. 1–50.

[ئۆ.ل. ڤیلچێڤسکی. دۆسیەی کەسێتی، ١٩٣٢-١٩٤١// ئەرشیڤی ئاکادێمیای زانستیی ڕووسیا لقی سانکت پیتەربورگ، مەخزەنی ٧٧، لیستەی ٥، دۆسیەی ٣١٨، ڕووپەلەکانی ١-٥٠].

- Вильчевский О. Л. Личное дело, 1954 // Научный архив Музея антропологии и этнографии им. Петра Великого (Кунсткамера) РАН (НА МАЭ РАН) Ф. К-1. Оп. 7. Д. 76. Л. 5–37.

[ئۆ.ل. ڤیلچێڤسکی. دۆسیەی کەسێتی، ١٩٥٤// ئەرشیڤی زانستیی مۆزەخانەی ئەنترۆپۆلۆژی و ئێتنۆگرافیای پێتری مەزن (هۆدەی هونەر) سەر بە ئاکادێمیای زانستیی ڕووسیا. مەخزەنی k-1، لیستەی ٧، دۆسیەی ٧٨، ڕووپەلی ٥-٣٧].

- Вильчевский О. Л. Мукринские курды (Этнографический очерк) // Переднеазиатский этнографический сборник: Труды Института этнографии им. Н. Н. Миклухо- Маклая / отв. ред. О. Л. Вильчевский и А. И. Першиц. Т. 39. М.: Изд-во АН СССР, 1958. С. 180–227.

[ئۆ.ل. ڤیلچێڤسکی. کوردانی موکریان (وتاری ئێتنۆگرافیایی)// کۆوتاری ئێتنۆگرافیایی ڕۆژاوای ئاسیا: بەرهەمی پەیمانگای ئێتنۆگرافیایی بەناوی ن.ن. میکلووخا-مەکالایا/ نڤیسیاری بەرپرس ئۆ.ل. ڤیلچێڤسکی و ئا.ئی. پێرشیتس. بەرگی ٣٩. مۆسکۆ، وەشانخانەی ئاکادێمیای زانستیی یەکێتیی سۆڤیەت، ١٩٥٨. ل.ل. ١٨٠-٢٢٧].

Вильчевский О. Л. Мукринский Курдистан. Этнографический очерк, 1955 // НА МАЭ РАН. Фонд О. Л. Вильчевского (Ф. 17). Оп. 1. Д. 7. Л. 1–223.

[ئۆ.ل. ڤیلچێڤسکی. کوردستانی موکریان. وتاری ئێتنۆگرافیایی، ١٩٥٥// مۆزەخانەی ئەنترۆپۆلۆژی و ئێتنۆگرافیای ئاکادێمیای زانستیی ڕووسیا. مەخزەنی ئۆ.ل. ڤیلچێڤسکی (مەخزەنی ١٧)، لیستەی ١، دۆسیەی ٧، ڕووپەلەکانی ١-٢٢٣].

- Вильчевский О. Л. О курдском национальном движении: статья. 1950– 1954 // НА МАЭ РАН Ф. 17. Оп. 1. Д. 6 (Лист использования документа).
[ئۆ.ل. ڤیلچێڤسکی. وتار، سەبارەت بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد. ١٩٥٠- ١٩٥٤// مۆزەخانەی ئەنترۆپۆلۆژی و ئێتنۆگرافیای ئاکادێمیای زانستیی ڕووسیا. مەخزەنی ١٧، لیستەی ١، دۆسیەی ٦ (خشتەی بەکارهێنەرانی بەڵگەنامەکە)].

- Вильчевский О. Л. Письмо Потехину И. И., д-ра ист. наук, зам. директора Института этнографии, 1956 // НА МАЭ РАН Ф. 17. Оп. 1. Д. 109. Л. 1–2.
[ئۆ.ل. ڤیلچێڤسکی. نامە بۆ پاتێخین ئی.ئی، دکتۆری زانستە مێژووییەکان، جێگری بەرپرسی پەیمانگای ئەنترۆپۆلۆژی، ١٩٥٦// ئەرشیڤی زانستیی مۆزەخانەی ئەنترۆپۆلۆژی و ئێتنۆگرافیای ئاکادێمیای زانستیی ڕووسیا. مەخزەنی ١٧، لیستەی ١، دۆسیەی ١٠٩، ڕووپەلەکانی ١-٢].

- Вильчевский О. Л. Рапорт о поездке в Иран, 1942 // НА МАЭ РАН. Ф. 17. Оп. 1. Д. 95 Л. 1–28.
[ئۆ.ل. ڤیلچێڤسکی. ڕاپۆرت سەبارەت بە گەشی ئێران، ١٩٤٢// ئەرشیڤی زانستیی مۆزەخانەی ئەنترۆپۆلۆژی و ئێتنۆگرافیای ئاکادێمیای زانستیی ڕووسیا. مەخزەنی ١٧، لیستەی ١، دۆسیەی ٩٥، ڕووپەلەکانی ١-٢٨].

- Вильчевский О. Л. Стенограмма защиты диссертации «Езидские тексты», 1938 // СПбФ АРАН Ф. 77. Оп. 2. Д. 5 Л. 1–83.
[ئۆ.ل. ڤیلچێڤسکی. پوختەی نامەی دکتۆرا "دەقەکانی ئێزدی"، ١٩٣٨// ئەرشیڤی ئاکادێمیای زانستیی ڕووسیا لقی سانکت پیتەربورگی ، مەخزەنی ٧٧، لیستەی ٢، دۆسیەی ٥، ڕووپەلەکانی ١-٨٣].

- Вильчевский О. Л. Хакани: Некоторые черты творчества и мировоззрения поэта // Советское востоковедение. М.: 1957. № 4. С. 63–76.
[ئۆ.ل. ڤیلچێڤسکی. خاقانی: چەند دیمەنێکی داهێنەرانەی شاعیر و دونیابینییەکەی// ڕۆژهەڵاتناسیی سۆڤیەتی (گۆڤار). ١٩٥٧، ژمارە ٤، ل.ل. ٦٣-٧٦].

Жигалина О. И. Национальное движение курдов в Иране (1918–1947 гг.). М.: Наука, 1988. 168 с.
[ژیگالینا ئۆ.ئی. بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران (١٩١٨-١٩٤٧)، مۆسکۆ، ١٩٨٨، ١٦٨ لاپەڕە].

- Жигалина О. И. Олег Людвигович Вильчевский и курдоведение // Иран: история и современность: сб. ст. / Акад. наук СССР, Ин-т востоковедения [отв. ред. Н. А. Кузнецова]. М.: Наука: Гл. ред. вост. лит., 1983. С. 42–64.

[ژیگالینا ئۆ.ئی. ئالێگ لیۆدڤیگۆڤیچ ڤیلچێڤسکی و کوردناسی// ئێران: مێژوو و مۆدێرنیتە: کۆوتار/ ئاکادێمیای زانستیی یەکێتیی سۆڤیەت، پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسیی (نقیسیاری بەرپرس، ن.ئا. کووزنیتسۆڤ)، مۆسکۆ. وەشانی "نائۆکا"، بەرهەمی سەرەکی وێژەی ڕۆژهەڵاتی. ١٩٨٣، ل.ل. ٤٢-٤٦].

- Жуковская И. В., Решетов А. М. Фонды востоковедов в архиве Музея антропологии и этнографии имени Петра Великого РАН // Страны и народы Востока. М., 2010. Вып. 33. С. 208–250.
[ژووکۆڤسکایا، ئی.ڤ.، ڕێشیتۆڤ ئا.م.، (وتاری) مەخزەنەکانی ڕۆژهەڵاتناسی لە ئەرشیڤی مۆزەخانەی ئەنترۆپۆلۆژی و ئێتنۆگرافیای پێتری مەزن لە ئاکادێمیای زانستیی ڕووسیا// (گۆڤاری) وڵات و گەلانی ڕۆژهەڵات. مۆسکۆ، ٢٠١٠، ژمارە ٣٣، ل.ل. ٢٠٨-٢٥٠].

- Полевой материал автора. Интервью с А. В. Черкаевым, ноябрь 2019.
\کاری مەیدانی نووسەر، وتووێژ دەگەڵ ئا.ڤ. چێرکایڤ، نۆڤەمبەری ٢٠١٩].

- Курды. 21 января 1947. Досье Служебного Вестника иностранной информации. Телеграфное агентство Советского Союза (ТАСС) // Государственный архив Российской Федерации (ГАРФ) Ф. Р4459. Оп. 27. Д. 6697. Л. 1–59.
[کوردەکان. ١٩٤٧/٠١/٢١، دۆسیەی بولیتێنی فەرمی زانیاری دەرەکی. ئاژانسی هەواڵنێری یەکێتیی سۆڤیەت (تاس)// ئەرشیڤی میریی ڕووسیای فێدراڵ، مەخزەنی ٤٤٥٩، لیستەی ٢٧، دۆسیەی ٦٦٩٧، ل. ١].

- Представление на награждение от 02.10.1944 // Центральный архив Министерства обороны (ЦАМО). Ф. 47. Оп. 995. Д. 319. Л. 1–8.
[پێشکەشکردنی خەڵات بە ڕێکەوتی ١٩٤٤/١٠/٠٢// ئەرشیڤی نێوەندی وەزارەتی بەرگری، مەخزەنی ٤٧، لیستەی ٩٩٥، دۆسیەی ٣١٩، ڕووپەلەکانی ١-٨].

- Приказ № 26 от 26.01.1942 // ЦАМО Ф. 8312. Оп. 301962. Д. 38. Л. 241.
[فەرمانی ژمارە ٢٦ بە ڕێکەوتی ١٩٤٢/٠١/٢٦// ئەرشیڤی نێوەندی وەزارەتی بەرگری، مەخزەنی ٨٣١٢، لیستەی ٣٠١٩٦٢، دۆسیەی ٣٨، ڕووپەلی ٢٤١].

- Список защитников Ленинграда, Одессы, Севастополя и Сталинграда, работающих в Отделе кадров Политического управления Закавказского военного округа // Центральный Архив Министерства обороны (ЦАМО). Ф. 47. Оп. 995. Д. 312. Л. 15.
[خشتەی ناوی بەرگریکارانی لێنینگراد، ئادێسا، سێڤاستەپۆل و ستالینگراد لە هۆبەی کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی کەرتی سەربازی کافکاز// ئەرشیڤی نێوەندی وەزارەتی بەرگری، مەخزەنی ٤٧، لیستەی ٩٩٥، دۆسیەی ٣١٢، ڕووپەلی ١٥].

- Укреплять добрососедские советско- иранские отношения // Правда, 25 июня 1956. Вып. 13 840. № 177. С. 1.

[پتەوکردنی پەیوەندی دۆستانەی دراوسێتی  دوو وڵاتی سۆڤیەت و ئێران// ڕۆژنامەی پراڤدا، ٢٥ی جوونی ١٩٥٦، ١٣٨٤٠مین، ژمارە ١٧٧].

- Халфин Н. А. Курдская историография в СССР и некоторые ее проблемы // Вопросы истории. 1966. № 8. С. 154–161.

[خەلفین ن.ئا. مێژوونووسیی کورد لە یەکێتیی سۆڤیەتدا و هەندێک لە کێشەکانی// پرسەکانی مێژوو (گۆڤار). ١٩٦٦، ژمارە ٨، ل. ١٥٧].

- Irwin R. For Lust of Knowing: The Orientalists and their Enemies. London: Allen Lane, 2006. 416 p.

- Parker J. W. Persian Dreams: Moscow and Tehran Since the Fall of the Shah. Potomac Books Inc., 2008. 438p.

- Said E. W. Orientalism. New York. Pantheon Books Publication, 1978. Xiii+368 p.

## سەرچاوەکانی وەرگێڕ

- کوردبوون (بیرەوەری محەمەد مەولوودیان). کۆکردنەوە، ساخکردنەوە و بەڵگەمەندکردنی: وریا ماملێ. چاپی یەکەم، سوید، ٢٠٢٢.

- همایون سعید. پیشوای بیداری (خاطرات سعید همایون)، هاشم سلیمی. چاپ دوم ئاراس، ٢٠٠٧، اربیل.

- فتاح‌قاضی ، خلیل. تاریخچەی خانوادەی قاضی در ولایت موکری، ویرستار: قادر فتاح قاضی. چاپ اول، تبریز، ١٣٧٨ (١٩٩٩).

- شمس اسماعیل. ارزیابی و تحلیل فعالیت انجمن‌ها و تشکیلات اجتماعی کردستان در دوره مشروطه (٢٤ – ١٣٢٩ ق)/ دو فصل نامه علمی (مقاله علمی پژوهشی) سال ١٢، شماره بهار – تابستان ١٤٠١، ص.ص ٢٣١- ٢٥٦).

- دیوانی مەلا مارفی کۆکەیی https://books.vejin.net/fa/text/32234